# هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە دانانی یەکەم فەرهەنگی(کوردی – کوردی)دا

پ.د.شهاب شێخ تەیب تاهیر م.ی. ڕۆژان قادر ابوبکر

زانکۆی ڕاپەڕین – کۆلێژی پەروەردە

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە**

لێکۆڵینەوەکە بەناونیشانی (هەوڵەکانی شێخ محمد الخال بۆ ئامادەکردنی یەکەم فەرهەنگی کوردی-کوردی)، کە تیایدا باس لەو هەوڵانە کراوە و چۆنیەتی پەرەپێدانی فەرهەنگەکە لەلایەن شێخ محمد الخال و چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا کردووە کە پێویستە لە نووسراوەکانی فەرهەنگەکەدا جێگیر بکرێن، هەروەها هەوڵێکی گەورەی داوە بۆ ماوەی نزیکەی چل ساڵ بۆ کۆکردنەوەی ئەم فەرهەنگە. ناوی لێنا (فهرەهەنگی خاڵ/ فەرهەنگی الخال)، بەشی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ چاپکراوە، دووەمی ساڵی ١٩٦٤، سێهەمیشی لە ساڵی ١٩٧٦ چاپکراوە، چەندین جار چاپکراوە و بەشێوەی جیاواز، بەو پێیەی سێ بەشەکە بەجیا کۆکراونەتەوە و چاپکراون. فەرهەنگنووس شێخ محەممەد الخال هەوڵیدا بەرهەمی هەوڵەکانی بداتە میللەتەکەی و لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و وشەسازیی هەموو ئەو زاراوانە لە فەرهەنگەکەیدا، زاراوەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە. بە سەرنجدان بە گرنگی ئەم فەرهەنگە، بڕیارماندا لێکۆڵینەوەکانمان تەرخان بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەم فەرهەنگە لە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی-وشەیی و دەست لە خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ناوی. هەر لەبەر ئەم هۆکارە لێکۆڵینەوەکەمان دابەش کرد بۆ دوو بەشی: ١.

-بەشی یەکەم: تەرخان کرابوو بۆ ناساندنی فەرهەنگ و بەرهەمەکانی پێشوو کە لەسەر ئەم فەرهەنگە نووسراون.

- بەشی دووەم: تەرخانکرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگەکە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، کە تیایدا باسمان لەم فەرهەنگە کرد لەڕووی: (زاراوە، لێهاتووییەکانی بۆ ڕوونکردنەوەی وشەسازی، و لە بەرامبەردا گرنگینەدانی بە هەندێک زاراوە و وشە، زانیاری مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی، هاتنە ژوورەوەی وشەیی و ڕوونکردنەوەیان و پێدانی زانیاری زمانەوانی بەو نووسراوانە، گرنگیدان بە پەند و دەربڕینەکانی کۆنفرانسیال - .(idium) (idiom)...هتد.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند خاڵێک لە ئەنجامەکان، ئاماژەمان بەو سەرچاوانە کرد کە بۆ نووسینەوەی توێژینەوەکە بەکارهێنراون، دواتر بە پوختەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتاییمان بە توێژینەوەکە هێنا.

**0-1/ پێشەکی:**

فەرهەنگی خاڵ، یەکەمین هەوڵە لەلایەن کوردێکەوە درابێت، کە بە زمانی نەتەوەیی نووسرابێت، واتە فەرهەنگەکە بە زمانی کوردی نووسراوە و لێکدانەوەی وشەکانیشی بە هەمان زمان بۆ کراوە. ئەم هەوڵە مەزنەی شێخ محەمەدی خاڵ بۆ ئەو سەردەمە و بۆ سەردەمی ئێستاش بە کارێکی گرنگی بواری فەرهەنگنووسی کوردی دەژمێردرێت، کە خۆی لەخۆیدا پەیامێکی نەتەوەیی و پەروەردەیی هەڵقوڵاوی ناخی خاڵە بەرانبەر بە زمان و نەتەوەکەی. فەرهەنگی خاڵ کە سێ بەرگی لێ چاپکراوە، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەمی لەساڵەکانی (1960 ، 1964، 1976) هەوڵێکی لە ڕادەبەر مەزن بووە، کە وایکردووە چەندین وشە و زاراوەی کوردی لە فەوتان و لە ناوچوون بپارێزێت. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا و لە ڕووی بنەماکانی فەرهەنگنووسی کوردیدا، جێی خۆیەتی

sjh@univsul.edu.iq

تیشکبخرێتە سەر ئەم هەوڵەی خاڵ و لە هەمان کاتیشدا وەك وەفا و بەسەرکردنەوەیەك بێت بۆ هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا.

**0-2/ ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (- **هەوڵەکانی شێخ محەمەدی خاڵ لە دانانی یەکەم فەرهەنگی(کوردی – کوردی)دا.** هەوڵێکە بۆ ناساندنی فەرهەنگەکە و دیاریکردنی لایەنە گرنگەکان و کەمکورییەکانی فەرهەنگی خاڵ.

**0-3/ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی(پەسنی) بەکاردێت، کە بەپێی تیۆری فەرهەنگنووسی کەرەسەکان و کاری دانانی فەرهەنگەکە باسدەکرێت و تێبینی و سەرنج لەبارەیانەوە دەخرێتەڕوو.

**0-4/ گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە جەختکردنە لەسەر ڕوونکردنەوەی هەوڵەکانی شێخ محەمدی خاڵ لە ماوەی (16) ساڵ(مەبەست لە ساڵی چاپدانی هەرسێ بەرگی فەرهەنگەکەیە، نەك کاری دەستپێکردنی دانانیان)، کە توانیویەتی فەرهەنگێکی نەتەوەیی سێ بەرگی بە زمانی (کوردی – کوردی) دابنێت و کۆی ئەو سەرەوشانەی کۆیکردونەتەوە خۆی لە زیاتر لە (32) هەزار سەرەوشە دەدات، کە باسیکردوون و لێکیداونەتەوە.

**0-5/ سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە لە بواری فەرهەنگنووسیدا ئەنجامدراوە، کە ئەویش دەچێتە خانەی زمانەوانی کارەکییەوە.

**0-6/ ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت:

- **بەشی یەکەم: ناساندن و زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگی خاڵ**:

باس لە ناساندنی فەرهەنگی خاڵ و ڕوونکردنەوەی هەندێك زانیاری گشتی و گرنگی لایەنەکانی فەرهەنگەکە دەکرێت .

- **بەشی دووەم : کارە زمانەوانییەکانی ناو فەرهەنگی خاڵ**:

باس لە شیکردنەوەی خەرمانەی سەرەوشەکانی ناو فەرهەنگی خاڵ لەڕووی زمانەوانییەوە دەکرێت و تیشکدەخرێتە سەر ئەو بنەما زانستییانەی، کە شێخ محەمەدی خاڵ لە دانانی فەرهەنگەکەیدا گرتبوویە بەر.

**بەشی یەکەم: ناساندن و زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگی خاڵ:**

مەبەستی خاڵ لە دانانی ئەم فەرهەنگەی، ئەوە دەگەیێنێت، کە دانانی فەرهەنگ بۆ هەر نەتەوەیەك بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد، زۆرزۆر گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوەی وشەکانمان لە فەوتان دەپارێزێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی پاراستنی زمانەکەمان. دانانی فەرهەنگێك بێ ئەوەی کەرەستە و سەرچاوەیەکی ترت لەبەردەستبێت، کارێکی قورس و پڕ کێشە دەبێت، بەڵام مامۆستا خاڵ بە زیرەکی و هەوڵ و شەونخونی خۆی و پرسیارکردن و گەڕان، توانی مێژووییەکی گرنگ لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا تۆماربکات، کە ئەویش دانانی فەرهەنگێك بوو لەلایەن کوردێکەوە و بە زمانی کوردی – کوردی، ئەمەش بە یەکەم فەرهەنگی (کوردی – کوردی) لە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردی دەژمێردرێت. لەو ماوەیەی دەستی بە دانانی ئەم فەرهەنگە کردووە، کە زیاتر لە (41) ساڵی خایاندووە، کە سێ بەرگی لە ساڵەکانی (1960، 1964، 1976) چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم کارەی مامۆستا خاڵ، کە ئەنجامی داوە، بە هەزاران وشە و چەندین زاراوەی بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی لەو فەرهەنگەیدا ڕیزکردووە و بووەتە بنەمای بنیاتی فەرهەنگێکی ئاکادیمی. یەکێ لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم فەرهەنگە ئەوەیە، کە بۆ یەکەم جار وشەی هەموو زارەکانی تێداکۆکردووەتەوە و واتاکەی لێکداوەتەوە و بووەتە بناغەیەك بۆ فەرهەنگەکانی دوای خۆی و دەکرێت ببێتە سەرەتا و خەرمانێك، بۆ دانانی لێکسیکۆنی کوردی و لە دانانی کاری فەرهەنگنووسیدا سودی لێوەربگیرێت.

گەر سەیرێکی مێژووی کاری دانانی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدابکەین، دەبینین کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام پچڕانێکی زۆر هەیە لە نێوان دانانی یەکەم فەرهەنگ لەلایەن شاعیری مەزن ئەحمەدی خانی لە (1682) و تا دەگاتە کارەکەی شێخ مارفی نۆدێیی لە ساڵی (1795) و لەوێشەوە تا دەگاتە شەستەکانی سەدەی بیستەم کە لە لایەن کورد خۆیەوە نووسرابێت. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا شێخ محەمەدی خاڵ لە ڕوانگەی هەستی نەتەوایەتی و پەروەردەیی و شارستانییەت و ...هتد، زیاتر لەشانزە ساڵی تەمەنی خۆی بە دانانی کاری فەرهەنگی تەرخانکرد- واتە لە 1960- 1976 توانی سێ بەرگ لە فەرهەنگی خاڵ دابنێت، جگە لەو کارانەی تریشی کە لە بوارە جیاوازەکانی زماندا کردوویەتی.

جێی خۆیەتی ئەوە بڵێین شێخ محەمەدی خاڵ لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم جەختی لە گرنگی زمانی دایك کردووەتەوە و خەڵکی هاندەدات بەو زمانە بیربکەنەوە و قسەبکەن و بنووسن، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی زمان. بۆ نموونە لەساڵی 1944 لە وتارێکی بە ناونیشانی (ئاگاداری زمان) کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی ژمارە (8)ی ساڵی (5)ی، لەلاپەڕە (27-30) بڵاوکردۆتەوە. وتارەکەی بریتییە لە ئامۆژگارییکردنی کوردان کە بە زمانی دایك بئاخەفن و بنووسن.(بڕوانە:شێخ محەمەدی خاڵ:1944: 27-30) کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا خەمخۆری خاڵ بەرانبەر زمانەکەی و خەمخۆری بۆ نەتەوەکەی پیشاندەدات.

**1-1- ناساندنی فەرهەنگی خاڵ:**

**1-1-1: دەربارەی چاپکردنی فەرهەنگەکە:**

ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی گەورەی کوردی – کوردییە و بریتییە لە سێ بەرگ:

بەرگی یەکەم (380) لاپەڕەیە و (8) هەزار وشەیەك دەبێت و لە پیتی (ئـ)ەوە تا کۆتایی (ج)ی گرتووەتەخۆ.

بەرگی دووەم (392) لاپەڕەیە و (9) هەزار وشەیەکە و لە پیتی (ج)ەوە تا(ف)ی تێدایە.

بەرگی سێیەم (512) لاپەڕە و (13) هەزار وشەیەکە و لە پیتی (ف)ەوە تا (ی)ی گرتۆتەوە. هەروەها هەندێ وشەی کۆنی کوردی لە فەرهەنگێکی مادەوە دەرهێناوە و لە لاپەڕە (460- 483)دا نووسیونی. لە لاپەڕە (484)یشەوە بیروڕای چەند ڕووناکبیرێکی لە بارەی بەرگی یەکەم و دووەمی فەرهەنگەکەوە بڵاوکردۆتەوە.(**د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:1989: 200**).

لە چاپخانەی کامەران لە شاری سلێمانی لە چاپدراوە. کۆی لاپەڕەکانی دەکاتە (1284) لاپەڕە و زیاتر لە (31) هەزار سەرەوشەی لەخۆگرتووە.

فەرهەنگەکە (31632) سەرەوشەی تێدایە. هاوکات (777) سەرەوشەی تر، کە (جەلال سائیب) لە ساڵی (1917- 1918) لە هیندستان لە فەرهەنگێك وەریگرتبوون و کۆیکردبوونەوە، لەژێر ناونیشانی (چەند وتەیەکی کوردیی کۆن لە فەرهەنگێکی ماد دەرهێنراوە)(خاڵ،ب459/3) لەبەرگی سێیەم وەکو پاشکۆ بڵاوکراوەتەوە. بەمەش سەرەوشەکان دەکاتە (32409) سەرەوشە، کە بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر و لە دەروازەی زانیاریدا، خراوەنەتە ناو کەوانە. **(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 59).**

لە ساڵی (1987) بەهەمان قەبارەی پێشوو لە سێ بەرگدا، لە (کتابفرۆشی محمدی سقز) لە سەقز بڵاوکراوەتەوە. لە هەولێریش لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، لە ساڵی (2005) بە شێوەی یەکبەرگی (549) لاپەڕەی ئەیفۆڕ لە چاپداوەتەوە. بێجگە لە جیاوازی قەبارە، جیاوازی لە نێوان ناوەرۆکی چاپەکاندا نابینرێت.**(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 59)**.

ئەم کارەی ئێستا، کە بۆ فەرهەنگی خاڵ تەرخانکراوە، ئەو چاپەیە کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، فەرهەنگی (خاڵ)ی لەشێوەی یەکبەرگی بە کۆی (**677**) لاپەڕە لە ساڵی (**2017**) لە چاپداوەتەوە.

**1-1-2- بەسەرکردنەوەی ئەو کارانەی لەبارەی فەرهەنگی (خاڵ)ەوە نووسراون:**

sjh@univsul.edu.iq

**1**- حەمە جەزا، لە نووسینێکیدا لایەنی مامۆستا خاڵ دەکرێت لە تۆمارکردن و لێکدانەوەی وشەدا و ڕەخنەکانی مامۆستا (طاهیر صادق) ڕەتدەکاتەوە.(حەمە جەزا:1960: 40-43).

**2**- طاهیر صادق، لە نووسینێکیدا کورتە نرخاندنێك و چەند ڕەخنەیەك لە بەرگی یەکەمی (فەرهەنگی خاڵ) دەگرێت.(طاهیر صادق:1960: 68-69).

سەرەتا بەوە دەستپێکردووە، کە دەرچوونی فەرهەنگی (خاڵ) هەنگاوێکی گرنگە و لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هەندێك سەرنج و تێبینی لەبارەیەوە بنووسرێت. ئاماژەی بەهەندێك وشە کردووە، کە م.خاڵ بەکاریهێناوەو کوردی نین، بەڵکو عەرەبی و تورکی و فارسین و پێویست ناکات بەکاربێت، لەبەرئەوەی بەرانبەریان بە زمانی کوردی هەیە، وەك وشەکانی: (ئاخر، مەردوم، ئاشو، ئاشووب، ئاشك، ئەڵتیرەم، ئیزرەم، ئەلیرەم، ئالوودە، ئاین و ئۆین، ئەنجیر، ئەرخە، باجی، بادام، پایان، پایدۆست، بسمار، بادگیر، ...هتد). م.تاهیر سادق ئەو وشانە و چەند وشەیەکی تری دیاریکردووە، بەڵام هیچ وشەیەکی لە کوردیدا بەرانبەر دانەناوە.

هەروەها دەڵێت ڕاست نییە وشەی (بیرە)ی بە ئاوی جۆ گۆڕیوە. هەروەها دەڵێت نابێ واتای (ئەدەب) شەرم نییە، ئەدەب واتای وێژەیە و شەرم بە عەرەبی بەواتای حەیایە.(تاهیر سادیق:1960: 68).

هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە، لە لێکدانەوەی هەندێك وشەدا بەهەڵەدا چووە، یان ڕوونکردنەوەی تەواوی نەداوە، ناوی هەندێك وشەی هێناوە، کەنەدەبوو م.خاڵ ڕوونکردنەوە لەبارەیانەوە بدات، یان ڕوونکردنەوەی زۆری لە بارەیانەوە بدایە، لەبەرئەوەی خەڵکی زۆربەیان شارەزاییان لەبارەیەوە هەیە، لەو وشانەش: ( ئاوور، ئاوەڵە، ئەسپ، ئاوێنە، ئەستێرە، یسقان، بەور، ترش، تەنکە، تیزاب).(تاهیر سادق:1960: 69). هەندێك لەم وشانە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە نییە و لە لێکدانەوەی هەندێکشیان کەموکوڕی بەدیدەکرێت و واتاکانیان زۆر ڕوون نین.

بە گشتی م.تاهیر سادق چەند تێبینییەکی کەمی لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە تۆمارکردووە، بە تایبەت لەسەر بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکە، کە لە ساڵی (1960) دەرچووبوو.

**3**- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە کتێبی (لە بواری فەرهەنگنووسی کوردیدا) لە لاپەڕە 7- 38) بە دوورودرێژی چەند تێبینی و سەرنجێکی لەبارەی ئەو کارەی مامۆستا خاڵەوە تۆمارکردووە و ئەوەشی وتووە کە ئەم تێبینی و سەرنجانە لە نرخ و گرنگی کارەکەی خاڵ کەمناکەنەوە، لەبەرئەوەی کارێکی مەزنی کردووە و یەکەم کەسبووە کە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی) لەو جۆرەی کردبێت، بێگومان هەر کارێکی زانستیش بە تایبەتی دانانی فەرهەنگ بێ کەموکوڕی نابێت. (د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:1987: 7-38).

د،ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بە گشتی باسی ئەو کارەی م.خاڵی کردووە و بە کارێکی مەزنی لە قەڵەمداوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی بنەمانی زانستی فەرهەنگ هەندێك تێبینی و سەرنجی لەبارەیەوە خستۆتەڕوو، کە بە کورتی تایبەتە بەم خاڵانەی خوارەوە:

باسی ئەو پێشەکییەی کردووە، کە بۆ فەرهەنگەکەی دایناوە و هەندێکی بە زیادە داناوە و دەڵێت پێویست نین لەناو پێشەکیدا هەبن، لەهەمان کاتیشدا باسی خاڵەکانی تری پیشەکی کردووە، کە تایبەتە بە دیالێکت و ناساندنی زمان و پوختە ڕێزمان و هێما و ڕەمز و کورتکراوەکان.

پاش ئەمە هاتۆتە سەر ئەو کەموکوڕییانەی کە تایبەتن بە بواری دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و ئەوەشی وتووە کە خاڵ توانیوەیەتی لەشیکردنەوەی وشەکاندا هونەری بەرزپیشکەشبکات و لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێکیاندا نەیتوانیوە بە باشی واتای هەندێکیان ڕوونبکاتەوە.

لەڕووی واتاوە ڕەخنەی لەوە لێگرتووە کە خاڵ نەیتوانیوە وشەی هاوبێژ و فرەواتایی بەشێوەیەکی زانستی لەیەك جیابکاتەوە و ئەو ڕێگەیەی ئەو گرتوویەتەبەر ڕوون نییە.

**4**- عەلی حەمەد عوسمان لە نامەی ماستەرەکەی کە ئێستا وەك کتێب چاپکراوە، بە ناونیشانی (ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا)، لێکۆڵینەوەی لە پانزە فەرهەنگی تاك زمانەی کوردی کردووە، یەکێك لەوانەش فەرهەنگی (خاڵ)ە، جا لەبەرئەوە هەوڵدەدەین ئەو لاپەڕانەی باسی فەرهەنگی خاڵی تێدایە بە کورتی و پوختی باس بکەین.

لەڕووی زانیاری دەنگسازی ئاماژەی بەوە کردووە، کە فەرهەنگی خاڵ هیچ زانیارییەکی لە بارەی دەنگسازییەوە تێدانییە لەڕووی (فۆنیمی کەرتی و ناکەرتی و بڕگە ...).(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 136-142)، ڕاستە

خاڵ باسی ئەو زاراوە دەنگسازییانەی نەکردووە، بەڵام لە سەرە پیتەکاندا باسی پیتەکانی کردووە و لە میانەی وشەکانەوە ئاماژەی بۆ ئەلۆفۆن و یاسا فۆنۆلۆژییەکانی وەك کورتکردنەوە و توانەوە و ئەوانە کردووە.(بڕوانە: بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە لە خالی (5)پێنجەم کە باسی ئەم فەرهەنگە لەڕووی دەنگسازییەوە کراوە).

لە بارەی زانیاریی وشەسازی ئاماژەی بەوە کردووە، کە خاڵ تەنها زانیاری لە بارەی بەشەکانی ئاخاوتن (سەرەکی و لاوەکی) پێشکەشکردووە و لایەنەکانی (ئیدیۆم و مۆرفیمنووسی و وشەڕۆنان)ی فەرامۆشکردووە.(هەمان سەرچاوە: 142-165). لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە و لە خاڵی (6)شەشەم کە بۆ کاری وشەسازی ناو فەرهەگی خاڵ تەرخانکراوە، ئاماژە بەو زانیاریانە کراوە ، کە خاڵ لەڕووی وشەسازییەوە مەبەستی بووە، لەوانەش باسی ئەو پێشگر و پاشگرانە لە میانەی وشەکانەوە کردووە و چ ئەرکێکیان گێڕاوە، هەروەها ئاماژەی بۆ مۆرفیمە بەندەڕێزمانییەکانی (کۆ و نەرێ و پلەی بەراورد و باڵا و ...هتد) کردووە بەڵام نەك بەم زاراوانەی ئێستا، بەڵکو لە کاتی ڕوونکردنەوەی وشەکە ئەوەی باسکردووە. (بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کاری وشەسازی لە فەرهەنگی خاڵ سەیری خاڵی (6)شەشی بەشی دووەمی توێژینەوەکە بکەن).

لە بارەی زانیاری ڕستەسازی لە فەرهەنگی خاڵ، ئاماژەی بەوە کردووە، کە خاڵ باسی مۆرفیمی نەرێی کردووە و هەروەها باسی (پوختە ڕێزمان)ی کردووە و پەندی نەهێناوەتەوە لە ناو فەرهەنگەکەیدا.(هەمان سەرچاوە:165-180). نەك تەنها باسی مۆرفیمی نەرێی کردبێت، بەڵکو باسی مۆرفیمەکانی تریشی کردووە، کە ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن، وەك مۆرفیمەکانی نیشانەی کۆ و نەرێ و پلەی بەراورد و ... ڕستەی بۆ زۆربەی سەرەوشەکان هێناوەتەوە.( بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کاری ڕستەسازی لە فەرهەنگی خاڵ سەیری خاڵی (7)حەوتەمی بەشی دووەمی توێژینەوەکە بکەن).

دەربارەی (پوختە ڕێزمان) کە م.خاڵ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا باسیکردووە، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگی پرۆسەکەیە، فەرهەنگنووس باسی کار(مصدر) دەکات و جۆرەکانی جیادەکاتەوە، ئینجا باسی هەندێك پێشگر و پاشگر دەکات و نموونەی بۆیان هێناوەتەوە، وەك: (پیبری، پیاوەتی، ژنێتی، چاکی، سووری، جوانی، باشی...).(فەرهەنگی خاڵ:2017: بیست و پێنج)، عەلی حەمەد عوسمان دەڵێت ئەو وشانە کارنین، بەڵکو چاوگی ناوین، ئەمە کەلێنی زمانە هاتووەتە ناو فەرهەنگ. کەواتە بابەتی ڕێزمانی لە یەکەم فەرهەنگی کوردی – کوردیدا باسکراوە، بەڵام کەموکورتیەکان ڕێگانادەن بەمە بوترێت پوختەڕێزمان.(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 167).

**2-1- ئەو سەرە بابەتانەی لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا باسکراون:**

فەرهەنگی خاڵ لە لاپەڕە (یەك تا بیست و شەش)ی بۆ پێشەکی فەرهەنگەکەی تەرخانکردووە، کە ئەم لاپەڕانەی بە نووسین ژمارەی بۆیان داناوە، تا دەگاتە یەکەم پیت کە (ئـ)ەیە ئینجا بە ژمارە (1) دەستپێدەکات، تا دەگاتە کۆتا پیت کە ژمارە (660)ە و پاش ئەوەش لاپەڕە (663- 677) بۆ پاشکۆ داناوە.

پێشەکی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە دەبێت لە دانانی هەر فەرهەنگێکدا هەبێت و فەرهەنگساز دەبێت زۆر بایەخ بەو زانیارییانە بدات کە دەبێت خوێنەر کاتێ فەرهەنگەکە دەخوێنێتەوە سوودیان لێببینێت.

دەتوانین بڵێین کە پێشەکی خاڵێکی گرنگە و بە (کلیلی فەرهەنگ دادەنرێت، وەك ناسنامەیەکی ناساندن وایە، کە بوارەکانی فەرهەنگی تێدا دیاریدەکرێت.(شەهاب شێخ تەیب:2021: 86). مامۆستا خاڵ ئەگەرچی هەموو ئەو زانیارییانەی کە دەبێت لە پێشەکیشدا هەبێت، جێبەجێنەکردبێت، بەڵام توانیویەتی بە پێی پێویست زانیاری زۆر گرنگ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا بخاتەڕوو، کە ئەمانە هەندێکیانن و بە کورتی ڕوونیاندەکەینەوە:

لە لاپەڕە (نۆ) تا لاپەڕە (چواردە)ی بۆ پێشەکی تەرخانکردووە و تێیدا بە کورتی جەخت لەسەر گرنگی زمان و بوونی زمان دەکات و دەڵێت: ((...زبان گیانی گەلە، کە زبان بوو گەل هەیە، کەنەشبوو گەل نییە)).(**بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ:2017: نۆ**). هەروەها جەخت لە بوونی فەرهەنگ دەکات و دەڵیت: ((...هەر گەلێك زمان و فەرهەنگی نەبێ لەگەڵ گەلاندا ناژمێردرێ و ناناسرێ، بەڵکو دەکرێ بە بەردەباز و پێشێل لەژێر پێی ئەو گەلانەی کە بۆ کوێستانی ژیان دەچن، تا لە ڕێ پێڵگەدا پانوپلیش دەکرێنەوە و لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکرێن)).(**فەرهەنگی خاڵ: نۆ**).

زۆر جەختی لەسەر مانەوەی زمان و شوناسی نەتەوەیی لەڕێی بایەخدان بە فەرهەنگ و بەکارهێنانی وشە و زاراوە و دانانیانی کردووە (....ئاگاداریکردنی زمان بە نووسینی فەرهەنگ و کۆکردنەوەی وتە لە ئاگاداریکردنی

sjh@univsul.edu.iq

گیان پێویستترە بۆ مانەوەی گەلان، چونکە بە نەمانی هەزاران گیان گەل نامرێ، بەڵام بە نەمانی زمان ڕشتەی کۆمەڵایەتی دەپچڕێ و شیرازەی گەل تێکدەچێ تا هەموو پەرەوازە دەبن و لەیەك دەبڕێن و زۆردار قووتیان دەدەن و لەناویان دەبەن).(فەرهەنگی خاڵ:دە).

پاشان ئاماژە بە مێژووی فەرهەنگ دەکات، کە هەندێك لە گەلان ژمارەی فەرهەنگیان زیاتر لە هەزار و پێنج سەدی تێپەڕاندووە و هەندێکیان لەسەد هەزار وشەی زیاتر تێدایە و ئاماژەی بە کۆنترین فەرهەنگ کردووە کە (کالیماکی غەراماتیقی اغریقی)یە و سێ سەد ساڵ پێش میلاد نووسیویەتی بە ناوی (زەخیرە).**(فەرهەنگی خاڵ:دە)**.

پاش دیاریکردنی فەرهەنگ لای گەلان، ئینجا باسی مێژووی فەرهەنگی کوردی کردووە. ئەوەشی وتووە کە فەرهەنگی (نوبارابچووکا)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێیی بە فەرهەنگی عەرەبی لەقەڵەمداوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە فەرهەنگی کوردین و لەڕووی پۆلێن فەرهەنگ بە پێی زمان، دەچنە خانەی فەرهەنگی بیانی – نەتەوەییەوە.

جەختی لەسەر لایەنە چاکەکانی فەرهەنگی مەردوخ کردووەتەوە، کە لە ساڵی (1956ز) دەرچووە و زۆر وەسفی ئەو کارەی ئایەتوڵڵای کوردستانی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەو فەرهەنگەی زۆر پێ باشبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە چەند خاڵێکی لە بارەی کەموکوڕییەکانی ئەو فەرهەنگەوە نووسیوە(فەرهەنگی خاڵ:2017: دوازدە - سیازدە).

لە لاپەڕە (چواردە) و لە ناونیشانی ( پەیدابوونی وتە و زمان) : لێرەدا جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە زمان دیاردیەکی کۆمەڵایەتییە مرۆڤ بەتەنیا ناتوانێت فێری زمان ببێت. زۆر بە جوانی باسی بیروڕای تر لە بارەی گریمانەکانی پەیدابوونی زمان دەکات، کە دەنگە، چەندین نموونەی جوانی بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە هێناوەتەوە.(فەرهەنگی خاڵ:چواردە).

لە لاپەڕە(پازدە) لە ناونیشانی (جیابوونەوەی زمان و وتەی گەلان): لێرەدا باسی ئەو هۆکارانە دەکات، کە دەبنە هۆکاری جیابوونەوە زمان و گۆڕانی وشە و وتەکانیان، بە تایبەتی گۆڕان لە ئاستی دەنگ و پەیدابوونی وشەی نوێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوەزار و بەتێپەڕبوونی کات دەبێتە زمانێکی تایبەتی سەربەخۆ.

هەروەها لە لاپەڕە (شانزە) باسی لق و پۆپی زمانەکان و سەرچاوەکانیان دەکات و کە دەیگەڕێنێتەوە سەر زمانی (ئاری) ی، بنچینەی زمانی ئاری هیندی کۆنەوە و زمانی کوردیش لقێکە لەو و چەند وشەیەکی وەك نموونەی بەراوردی لە نێوان زمانی ئینگلیزی و کوردی و زمانی فەڕەنسی و کوردی هێناوەتەوە.

لەلاپەڕە (حەڤدە) باسی (پێگەیشتنی زمانی کوردی) دەکات و باسی ئەو قۆناغانە دەکات، کە زمانی کوردی پێیداڕۆیشتووە و ئەو پەرەسەندن و گۆڕانانەی بەسەریاندا هاتووە و پێگەیشتووە، پاشان ئەو هۆکارانە دەخاتەڕوو کە وایکرد کورد لەیەکتر دووربکەونەو وایلێبێت وشە و زاراوەی جیاواز لە نێو یەکدیدا بەکاربێنن، ئەمەش بە تێپەڕبونی کات وا بکات دیالێکت و شێوەزاری جیا لە زمانی کوردیدا دروستببێت.

لە لاپەڕە (نۆزدە) باسی سنووری کوردستانی کردووە و زۆر زیرەکانە ئەو سنوورەی دیاریکردووە کە دەڵێت لە (.. ژوور ڕۆ (خلیج)ی فارسییەوە بە دیوی ئێراندا دەستپێدەکات و بە قەراخ شاری (شیراز) و (ئەسفەهان) و (کاشان) و (هەمەدان) و (تەورێز) و (خۆی) و (ئەریوان)دا دەڕوات و بەلای (قارس) و (ئەرزەڕوم)دا بادەداتەوە و، لەخوار دەریای ڕەشەوە شۆڕدەبێتەوە و لە ژوور شاری (ئەرزەنجان)ەوە دەڕوات تا دەگاتە ڕۆی (ئەسکەندەرۆنە)، ئینجا دێتە خوارەوە بە ژوور (حەلەب)دا تا دەگاتە ڕۆژئاوای (سنجار) و بەڕۆژهەڵاتی (بەغدا)دا تێدەپەڕێت تا (مەندەلی) و لەوێوە تا ڕۆی فارسی.

پاشان باسی لق و پۆپی زمانی کوردی دەکات. واتە دیالێکتەکان و ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی کەسەر بەو دیالێکتانەن. کە کردوونی بە:

1- زازا

2- کرمانجی دەستە چەپ(شمالی) وەك بۆتانی و بادینانی و هەکاری و بایەزیدی و شەمدینانی.

3- کرمانجی دەستەڕاست: وەك سۆرانی و بابانی و موکریانی و ئەردەڵانی و کەڵهوڕی و گۆرانی.

4- لوری کە بەختیاری و لەکی و فەیلییە .

لە لاپەڕە (بیست) هاتووەتە سەر باسکردنی پیتەکانی زمانی کوردی و زانیاری زۆری لە بارەیانەوە داوە.
لە لاپەڕە(بیست و دوو تا کۆتایی بیست و پێنجی) بۆ دەستووری زمانی کوردی تەرخانکردووە و هەندێك زانیاری لە بارەی پێناسەی وشە و چاوگەکانی زمانی کوردی و جۆرەکانییەوە داوە و بەنموونەوە ڕوونیکردوونەتەوە. هەروەها چەند پێشگرێکی سادە و ناسادەی دیاریکردووە، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی چاوگی دارێژراو.
دوا لاپەڕەش کە (بیست و شەش)مە بۆ هێما و کورتکراوەکان تەرخانکردووە، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا یەکێکە لەو کارە گرنگەی کە دەبێت لە کاری دانانی هەر فەرهەنگێکدا هەبێت.

**3-1- فەرهەنگی خاڵ لەڕووی جۆرەکانی فەرهەنگەوە:**

فەرهەنگەکان بەپێی ئەرك و ئامانج و پێوەندیی نێوان زمانی دەروازەکان و سروشت و چەری و ڕێگاکانی ڕیزکردنی دەروازەکان و ڕێگاکانی ڕوونکردنەوە ...هتد، جۆراوجۆرن[1].
دەکرێت فەرهەنگی خاڵ بەپێی بنەمای جیاوازەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبکرێت:
- (بەپێی ژمارەی زمانەکان) فەرهەنگێکی یەك زمانییە.
-(بەپێی بنەمای زمان) فەرهەنگێکی یەك زمانی نەتەوەییە.
- (بەپێی بنەمای قەبارە) بە فەرهەنگی (سەرمێز) دەژمێردرێت، واتە نە گەورەیە هەڵنەگیرێت و نە بچووکیشە لە ناو گیرفان جێیبێتەوە.
- (بەپێی بنەمای چییەتی) فەرهەنگێکی دانراوییە.
- (بەپێی بنەمای بابەتی) فەرهەنگێکی گشتییە.
- (بەپێی بنەمای نارۆکەوە) بە فەرهەنگی فیلۆلۆژی دەژمێردرێت.
- (بەپێی بنەمای ڕوخسار) بە فەرهەنگی سەرکاغەز دەژمێردریت.
-(بەپێی بنەمای سیستەمی ڕیزکردنی دەروازەکان) بە فەرهەنگی ئەلف و بێیی دەژمێردرێت.

**4-1- ئاماری ژمارەی لاپەڕەی پیت و لاپەڕەکانی فەرهەنگەکە:**

لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماری لاپەڕەی هەر پیتێك و ڕێژەی لە سەدی فەرهەنگی خاڵ دەخەینەڕوو:

| پیت | لاپەڕە | کۆی لاپەڕە | ڕێژەی سەدیی | پیت | لاپەڕە | کۆی لاپەڕە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | 24-1 | 24 | 3.63 | ع | 386-383 | 4 | 0.60 |
| ب | 74-25 | 50 | 7،57 | غ | 388-386 | 3 | 0.45 |
| پ | 112-75 | 38 | 5.75 | ف | 398-389 | 10 | 1.51 |
| ت | 148-113 | 36 | 5.45 | ڤ | 402-399 | 4 | 0.60 |
| ج | 162-149 | 14 | 2.12 | ق | 434-403 | 32 | 4.84 |
| چ | 188-163 | 26 | 3.93 | ك | 484-435 | 50 | 7.57 |
| ح | 196-189 | 8 | 1.21 | گ | 522-485 | 38 | 5.75 |
| خ | 220-197 | 24 | 3.63 | ل | 546-523 | 23 | 3.48 |
| د | 266-221 | 46 | 6.96 | م | 576-547 | 30 | 4.54 |
| ر | 290-267 | 24 | 3.63 | ن | 604-577 | 28 | 4.24 |
| ز | 308-291 | 18 | 2.72 | و | 618-605 | 14 | 2.12 |
| ژ | 314-309 | 6 | 0.90 | هـ | 654-619 | 36 | 5.45 |
| س | 356-315 | 42 | 6.36 | ی | 660-655 | 6 | 0.90 |

١- لەبارەی جۆرەکانی فەرهەنگەوە، بڕوانە:
- شەهاب شێخ تەیب، فەرهەنگسازی،2021،لاپەڕە (110- 133).
- عەلی حەمەد عوسمان:2021: 37-49.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ش | 382-357 | 26 | 5.45 | | | | |

لەم خشتەیەدا، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەو وشانەی لەم فەرهەنگەدا هەن و بە پیتی (ب) و (ك) زۆرترین ژمارەی وشەیان هەیە و زۆرترین لاپەڕەیان لە فەرهەنگەکەدا داگیرکردووە، پاش ئەم دوو پیتە ئەو وشانە دێن کەبە پیتی (د) و (س) دەستپێدەکەن و پاش ئەمانەش ئەو وشانە دێن کە پیتی (پ) (ت) و (گ) و (هـ) دەستپێدەکەن و بەمجۆرە و بۆ ئەوانی تریش. بەڵام ئەگەر بێت و ئێستا، واتە پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە نیو سەدە بەسەر دانانی ئەو فەرهەنگەدا، بە نوێترین فەرهەنگ بەراوردبکریت، بێگومان ئامارەکان و ڕێژەی سەدی هەر وشەیەك گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت، لەبەرئەوەی پەرەسەندن و گەشە و گۆڕانەکانی ژیان، وایکردووە کە وشە و زاراوەی تازە درووستببێت.

**بەشی دووەم/ کارە زمانەوانییەکانی ناو فەرهەنگی خاڵ:**

لەم بەشەدا، ئەوەی مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەماندا باسیبکەین، وەك بەشێکی کارەکی توێژینەوەکە، ئەوەیە کە بزانین ئەو مەبەستە، یان کارە زمانەوانییانە کامانەن، کە لە فەرهەگی خاڵدا بە دییدەکرێت، کە دەکرێت بەپێی ئەم ڕووانەی خوارەوە، باسبکرێن:

**2-1- لەڕووی زاراوەوە:**

هەموو فەرهەنگێك کە دادەنرێت، بێگومان چەندین وشە و زاراوەی تێدادەبێت، جا هەندێك لەو وشە و زاراوانە دەکریت هی دانەری فەرهەنگسازەکەبێت، یان هی کەسانی تربن و فەرهەنگساز لە ناو فەرهەنگەکەیدا داییبنێت. مامۆستا خاڵ زۆر زانستییانە لەو بوارەی ڕوانیوە و زۆرێکی لەو زاراوانە چ ئەوەی گوێی لێبووبێت یاخود خۆی دایناببێت، لەو ناو فەرهەنگەکەیدا دایناوە، بۆ نموونە و لە دوای پشکنین و گەڕان بەناو فەرهەنگەکەیدا چەند نموونەیەك لەو زاراوانە دەخەینەڕوو:

**ئاسنفرێن**: د.موقناتیس(ل**5**) ئەو (د.)ی پێش وشەی موقناتیس واتە لە ئەردەڵانی وایپێدەوترێت. ئەو زاراوەیە تا ئێستا جێی خۆی نەگرتووە و بەکارنایەت، بەڵکو هەر زاراوەی (موغناتیس) یان (موگناتیس) بەکاردێت.

-**ئاڵا**: قەڵەمی نووسین. بەیداخ. (ل**8**). یەکێك لە واتاکانی ئەوە زاراوەیە بۆ وشەی (قەڵەم)ی داناوە و بەڵام هەر زاراوەی (قەڵەم) هەندێك جاریش (خامە) لە بری زاراوەی (ئاڵا) بەکاردێت و جێی خۆی گرتووە.

- **ئەسپەئاسنینە**: پایسکل(ل**17**). ئەو زاراوەی تا ئێستاشی پێوەبێت کەس لە زمانی کوردیدا بەکارنەهێناوە هەر زاراوەی (پاسکیل) یان (پایسکل) زیاتر بەکاردێت.

**- ئەسپی کوژە**: بریتییە لە پەنجە گەورەی دەست.(ل**17**).

- **ئیگرەمبێژرەم**: شانزە یەکی حۆقە.(ل**23**).

- **باسکەسەگ**: جۆرە سەگێکی باریکەڵەیە باوکی گەماڵە و دایکی تانجییە.(ل**30**).

- **بیستۆك**: تەلیفۆن (ل**70**)

- **ڕاگر**: شتێکە کە مایەی وێستانی شتێکی تر بێ. سەرۆکی خێزان. سەرۆکی دانشگای بەرز(عمید). (ل**270**)

لێرەدا زۆر زانستییانە ئەو زاراوەیەی ڕوونکردۆتەوە و بەپێی ئەوەی بوونی زانکۆ لەشارە کوردییەکان لەوانەیە لە ساڵانی شەستەکانەوە هەبووبێت، بەڵام بەراورد بە بونی زانکۆ و تەمەنی زاراوەکە دەبێت لەو کاتەوەی کە بەم فەرهەنگەوە خەریکبووە پێش شەستەکان ئەو زاراوەیەی دانابێت. کە بێگومان ئەم زاراوەیەش سێ واتای بۆ دیاریکردووە و دەچێتە خانەی فرەواتاییەوە، لەبەرئەوەی واتاکان پەیوەندییان بەیەکدییەوە هەیە.

هەروەها لە ڕوونکردنەوەی سێیەمی بۆ زاراوەی (ڕاگر) زاراوەی (سەرۆکی دانشگا)ی بەکارهێناوە، کە زیاتر مەبەستمان لە زاراوەکەی (دانشگا)یە و ئێستا لە جێی زاراوەی (دانشگا) زاراوەی ( کۆلێژ) یان (پەیمانگە) بەکاردێت.

**- ڕاناو**: ضمیر(ل**270**)

هەروەها لەو کاتەدا- واتە لە کاتی دانانی فەرهەنگەکەی - زاراوەیەکی ئاوای بۆ (ضمیر) واتە ئاگای لە کاری ڕێزمان بەتایبەتی بەشەکانی ئاخاوتنی کوردی هەبووە.

- **ساڵیانە**:ساڵانەی مردوو(**ل318**).

ئێستا ئەو زاراوەیە لە بەڕێوەبەرایەتییە هاتووچۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵیانە/سەنەوی ئۆتۆمبیل بەکاریدێنن.

- **بەربانگ**: خواردنێکە کە ڕۆژووەوان ئێوارە بیخوا.(**ل53**).

- **بەربانگکردنەوە**: خواردنی بەربانگ لە ئێوارانداد.(**ل53**).

ئەم زاراوانەی وا شیکردۆتەوە کە خواردن بن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو زاراوانە ئاماژە بەکات دەکەن نەك خواردن بن.

- **بەرناڤ**: ز.لەقەب(**ل58**). دەکرێت سوود لەم زاراوەیە وەربگیریت و لە بری زاراوەی (ناسناو) و (نازناو) بەکاربێت، کە دەدریت بەو مامۆستایانەی زانکۆ لە کاتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیان و لە بری (نازناوی زانستی یان ناسناوی زانستی) بوترێت (بەرناڤی زانستی).

- **پاپی**: جاسوس، مفتش(**ل75**). سەرەڕای ئەو زاراوەیەی بۆ (جاسوس) و (موفەتیش) بەکارهێنابوو، بەڵام تا ئێستا هەر زاراوەی (جاسوس) بەکاردێت و جێگیربووە و بووەتە وشەیەکی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا. لە لاپەڕە (367) وشەی (شۆفار)ی هێناوەتەوە بۆ (جاسوس) کە دەبوو ئاماژەی پێبدات، هەروەها بڕوانە لاپەڕە(75: وشەی پاپی). هەروەها لە لاپەڕە (552)یش بۆ زاراوەی (جاسوس) وشەی (مانی) داناوە بە شێوەزاری هەورامی.

-**چاڵمە**:د.کیسەی تووتنی نێرگەلە.(**ل165**). لێرەدا مەبەست لە زاراوەی (نێرگەلە)یە کە مامۆستا خاڵ لە شەستەکان ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، بڕواناکەم لەوکاتەدا خەڵك ئاشنای ئەو وشەیەبووبێت. واتە بەپێی ساڵی دانانی فەرهەنگەکەی وشەی (نێرگەلە) دەبێت زۆرزۆر نوێ بووبێت و کەم کەس زانیبێتی نێرگەلە چییە. لەبەرئەوەی (نێرگەلە) لەم ساڵانەی دواییدا لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بڵاوبۆتەوە و خەڵکی دەیکێشن.

- **سەمەندۆك**: (**ل348**): یەکێکە لەو زاراوانەی زۆر بە جوانی ڕوونکراوەتەو، کە دەڵێت:

سەمەندۆك، پەتێکە سەرێکی دەخرێتە ملی سەگ یا تانجی و سەرەکەی تری دەبەسترێت بە دارێکەوە، بۆئەوەی ئەو کەسەی کە سەری دارەکە دەگرێت سەگەکە نەیگەزێت. (سەمەندۆککردن) پەتکردنی سەگ بە سەمەندۆك.

- **کارناس**: (**ل436**). ئەم زاراوەیەی بۆ ( باحث)ی داناوە کە ئێستا بۆ (باحث ) زاراوەی (توێژەر/ لێکۆڵەر)ی بۆبەکاردێت، بۆ زاراوەی (کارناس) دەڵێت: کەسێکە لە باسێکی زانستیدا بکۆڵێتەوە.

- **کوردشناسی**: (**ل453**). سەرەڕای ئەوەی هەندێك پێی دەڵێت (کوردناسی) یان (کوردشوناس) بەڵام دەبوو پێش ئەم زاراوەیە، زاراوەی (کوردشناس/کوردشوناس)ی هەبوایە. مامۆستا خاڵ ئەم زاراوەیەی بەرانبەر بە ( الدراسات الکردیە)ی عەرەبی داناوە و بەمشێوەیە ڕوونیکردووەتەوە:

(کوردشناسی): خەریکبوون بە باسیکەوە کە دەخلی بەسەر کوردەوەبێت.

- **مووچە**: (**ل563**). ڕوونیکردۆتەوە بەڵام هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ئەو واتایە ناگەیەنێت کە ئێستا ئەو زاراوەیە بۆ ئەو بڕە پارەیە بەکاردێت، کە فەرمانبەران لە مانگێکدا وەریدەگرێن. واتە ئیستا زاراوەی (مووچە) بەرانبەر (الراتب)ی عەرەبی بەکاردێت. مامۆستا خاڵ وشەی یان زاراوەی مووچەی بەمشێوەیە ڕوونکردۆتەوە: (مووچە): جومگەی لای مەچەك. جیرە. چەند ماڵێکە کە لە دێیەك جیابوونەوە و لە نزیك دێکەوە لەسەر ئاوێك خانوویان کردبێت یا هەواریان هەڵدابێت. بەشێکە لەزەوی کە بۆ کشتوکاڵ جیاکرابێتەوە.

**2-2-ڕاڤە و شیکردنەوەی زاراوە و وشەکان:**

مامۆستا خاڵ هەر لەسەرەتای فەرهەنگەکەیەوە تا کۆتاییەکەی، ئەو وشە و زاراوانەی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ویستبێت، توانیویەتی بۆ زۆربەیان ڕاڤە و شیکردنەوەی تێروتەسەلی بۆ بکات، بۆ نموونە سەیری ئەمانەی خوارەوە بکە:

- **ئاسن**: جۆرە کانێکە لە زەویدا دەردەهێنرێ و بە ئاگر قاڵدەکرێ و گەلێ شتی لێدروستدەکرێت(**ل5**).

- **ئاشە بە تەندوورە**: یارییەکی دوو دەستەییە. دەستەیەکیان بە پێوە سەر بەیەکەوە دەنێن و یەکێکیان پاسیان دەکات و دەستەکەی تر لە دەرفەتدا بازدەدەنە سەر کۆڵیان تا تێدەکەون.(**ل6**).
- **بزمار**: ئاسنێکی باریکی درێژی سەرپانی لووت تیژە دادەکوترێ بە هێندێ شتدا بۆ قایمی.(**ل39**).
- **بڵووسك**: ئاسنێکە لەهەردوو بەرداش هەڵدەکێشرێ، سەری ژووروی دەکرێ بە (تەوەرە)دا بۆ ئەوەی کە بەرداشی سەرەوە بسوڕێنێتەوە، سەرەکەی تری دەکرێ بە (تۆپ)دا بۆ ئەوەی تۆپەکە ئەم بسووڕێنێتەوە.(**ل42**).
- **پامیزە**: گووی هەنگە کە لەسەر کانی دەیکا دوای ئاو خواردنەوەی، سەرێکی خڕە و سەرێکی باریکە، هەنگدۆز تەماشای دەکا سەرە باریکەکەی رووی لەهەر لایێ دوای دەکەوێ تا پلوورەکەی دەدۆزێتەوە.(**ل81**).
- **کردنەوە**: (**ل442**). زۆر بە جوانی ئەو واتایانەی ئەم وشەیە دەیگەیێنێ روونکردۆتەوە و بە تێروتەسەلی چۆتە بنج و بنەوانی.

کردنەوە: 1- شێی کردنەوەی لۆکە و خوری بە چەکە و بە کەوان. 2-خاوکردنەوە و هەڵگرتنی قفڵی داخراو بەکلیل. 3- خاوکردنەوەی گرێ و شتی پێچراوە: گرێکە یا بارەکە(بکەرەوە). 4-خستنەسەرپشتی پەنجەرە و دەرگای پێوەدراو. 5-ڕزگارکردنی پیاوێك کە لە ژنەکەی بەستراێ بە ڕەنگێکی وا کە بتوانێ لەگەڵیدا دروست بێ. 6-کردنی کارێك دووبارە و سێبارە: نوێژەکەت (بکەرەوە). 7- شکاندن و لەتکردنی دار: هێندێ دار(بکەرەوە). 8- دەستکردن بە کارێکی گرنگ: حەفلەکەی بە وتارێکەوە کردەوە.
- **گرتنەوە**: (**ل489**). زۆر بە وردی واتا جیاوازەکانی ئەم وشەیەی روونکردۆتەوە:

گرتنەوە: 1-گرتنی شتێك لەحەواوە: تۆپەکەی (گرتەوە). 2- هێنانەوەی ئەندامی شکاو یا لەجێچوو بۆ جێی خۆی. ڕێکخستنی تەرازوویەکە کە سەربکا بەهۆی پارسەنگەوە بەڕەنگێك کە هەردوو تاکەی بەرامبەر بوەستن.3- وەرگرتنی سەنگێك بەوێنەی سەنگێك: لەسەر ئەم حۆقەیە حۆقەیەك(بگرەوە). 4- دروستکردنی هێندێ شت بە تێکەڵکردنی شتی تر لەگەڵیدا: خەنەکە یا دەرمانی چاوەکە(بگرەوە). پێچانی مەرحەمە و شتی تر بە بەر کۆشەوە: هەمیشە لە حەمامدا مەرحەمە(بگرەوە). 5- بەڕۆژووبوونەوەی رۆژێکی ڕەمەزان لە مانگێکی تردا کە لە کاتی خۆیدا بەڕۆژوونەبووبیت. 6- گەیشتنی یەکێك بە یەکێکی تر لە کارێکدا و بوون بە هاوڕێی لەو کارەدا: نەریمان لە پۆلی شەشدا سالاری (گرتەوە). 7- لابردنی زین لەسەر پشتی وڵاخ: زینەکە لە ئەسپەکە(بگرەوە). 8- پاکردنی هێندێ شت: توێکڵی خەیارەکە(بگرەوە).

چەندین وشە و زاراوەی تریش کە زۆر بە وردی و بە ڕوونی و زانستییانە باسی لێیانەوەکردووە.

**2-3- کەموکووڕی لە ڕوونکردنەوەی هەندێك لە وشەکان:**

- **ئاسمان**: لای هەرە ژووری سەرت.(**ل5**).

ئەم ڕونکردنەوەیەی بۆ وشەی ئاسمان زۆر لە جێی خۆی نییە، لەبەرئەوەی بەو ڕونکردنەوەیەی واتای وشەی (ئاسمان) زۆر بەباشی ئاشکرانابێت. هەروەها د.ئەوڕەحمانیش ئاماژەی بەوە کردووە و دەڵێت: (بۆ ڕاڤەی وشەی (ئاسمان) مامۆستا زۆر وشەی ئاسانی باشی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا مانای (ئاسمان) بەم ڕاڤەیە هیچ ئاشکرانەبووە، جگە لەوەش خۆ گەر مەردوم لە ژووردابێت، ئەوە لای هەرە ژووری سەری بنمیچە.)(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:1987: 15).
- **جاجك**:بنێشت(**ل149**). هەروەها لێرەدا دەبوو هەروەها بیوتایە بروانە وشەی (بنیشت:ل44) لەبەرئەوەی لەو لاپەڕەیەدا وشەی (بنێشت)ی بەمشێوەیە ڕوونکردۆتەوە: شتێکی سپی جیری بەکەشە لە (دارەبەن) پەیدادەبێت.(ل44).

-**جگەر**:**جەرگ**: بریتییە لە ڕۆڵەی ئادەمیزاد.(**ل152**) . مەرج نییە جگەریان جەرگ دەربڕین لە ڕۆڵەی ئادەمیزاد بکات. بە ڕێگەی خواستن دەکرێت (جگەر/جەرگ) بۆ ڕۆڵەی ئادەمیزاد بەکاربێت کاتێك دایك یان باوکێك بە منداڵەکانی دەڵێت (ئێوە جەرگی منن) ئەگینا (جەرگ/جگەر) وەك گۆشتی ئاژەڵان دەفرۆشرێت و دەخورێت، ، چ بە کوڵان یان بە برژان. واتە وشەی (جگەر/جەرگ) بەپێی دەوروبەر بۆ واتای جیاواز بەکاردێت.
- **جووتیار**: کەسێکە کە بەساڵانە جوتت بۆ بکا.(**ل155**). ئەم وشەیە یان زاراوەیە ئەگەر لە کۆندا وتای وایگەیاندبێت، بەڵام ئێستا جووتیار مەرج نییە ئەو واتایە بگەیێنێت. ئێستا ئەوەی بە دەغڵودانی خۆیەوە خەریك بێت، پێیدەڵێن جوتیار- واتە مەرج نییە کاری جوتت بۆ بکات.

sjh@univsul.edu.iq

- دووجار وشەی (خۆشکردنەوە)ی نووسیوە و بەمشێوەیە ڕوونیکردووەتەوە:
**-خۆشکردنەوە**: بارانەکە(خۆشی کرد). پوختەکردنی پێستە و هەمانە بە دەرمان.(**ل210**).
**-خۆشکردنەوە**: وەستانەوەی باران و بەفر و تەرزە.(**ل210**). لەهیچ شوێنێکی تری ئەم فەرهەنگەدا وشەی دووبارەنەکردۆتەوە، ئەمەش هیچ ئاماژەیەك نییە بۆ هاوبێژێتی وشەکان، لەبەرئەوەی ئاماژەی بە هاوبێژی یان فرەواتایی لە فەرهەنگەکەیدا بەوشێوەیە نەکردووە.
- **دارایی**: (**ل224**) یا ئەوەتە ئەو زاراوەیە بۆ ئەو کاتەی فەرهەنگەکەی داناوە بە واتای جیاواز لە واتای ئێستای بەکارهاتووە، یا ئەوەتا ڕوونکردنەوەکەی لەجێی خۆی نییە بەپێی چەمکی زاراوەکە لە ئێستادا. بەمشێوەیە ڕوونیدەکاتەوە:
**-دارایی**: دەسەڵات و دەستڕۆیشتن. جۆرە پەشتەماڵێکە. دەرمانێکی تیژە بۆ چاو بەکاردێنرێ کە پێی دەڵێن (دارا).
**لاپەڕە (267)**ی بۆ پیتی (ڕ)ی قەڵەو داناوە، کەچی لەسەرەوەی لاپەڕەکە (ر)ی لاوازی نووسیوە.
**ڕادار**: (**ل268**) ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیە بەپێی لێکدانەوەی مامۆستا خاڵ لەجێی خۆیدانییە سەرەڕای ئەوەی لەپێش ڕوونکردنەوەکەی پیتی (د)ی داناوە، واتە بە ئەردەڵانی وایپێدەوتریت، کە دەڵێت:
**ڕادار**: د. کەسیکە کە ئاگاداری ڕێ و بان بکات. هەروەها دەڵێت بە واتای (جەردە، باجگر)یش دێت.
**-لە لاپەڕە (280)** وشەی (ڕەحەت)هەیە کە زازایی بەواتای (ماندوو) لێکیداوەتەوە، بەڵام دەبوو لەژێر وشەی (ڕەحەت) وشەکانی: (ڕەحتبوون) و (ڕەحەتکردن) و ئەو وشانەی لە پێکهاتەکانیاندا وشەی (ڕەحەت) هەیە، هەبوایە.
- فهرس: فەهرست (ل395)
- فهرست: فەهرست
ڕوون نین و سەرەوشەکەشی بە ڕێنووسی عەرەبی نووسیوە. واتاکەی ڕوونکردووەتەوە.
- **قرمز**: ئاڵ (**ل409**). وشەکە کوردی نییە و بە واتای سوور دێت نەك ئاڵ.
- **واتا**: وتەیەکە بەکاردێنرێ لەناو تاردا لە جێی وتەی یەعنی: جەنگ کۆتایی هات(واتا) بڕایەو ە(**ل605**). لێرەدا مامۆستا خاڵ بەهەڵە ئەوەی لێکداوەتەوە، لەبەرئەوەی زاراوەی (واتا) بە واتای (المعنی)ی عەرەبی دێت نەك بە واتای (یعنی) بێت، ئەوەی بە واتای (یعنی) دێت (واتە)یە نەك (واتا).

2-4- لەڕووی (پوختەی ڕێزمانی)یەوە:
لەهەر فەرهەنگێکدا بوونی (پوختەی ڕێزمانی) زۆر گرنگە، چ لە پێشەکی فەرهەنگدابێت یان لە پاشکۆدابێت، بەڵام وا باشترە لە پاشکۆدا دابنرێت. پوختەی ڕێزمانیش بەوە پێناسەدەکرێت، کە فەرهەنگساز لە کاتی دانانی فەرهەنگەکەیدا و لە بەشی دەرەکییەکەیدا کورتەی ئەو زانیارییانەی کە لە بارەی زمانەکەوە زۆر گرنگن بخاتەڕوو.(شەهاب شێخ تەیب:2021: 35) بێگومان ئەمەش کاری خوێنەر ئاساندەکات و وا دەکات خوێنەر زۆر بە دوای سەرچاوەی تر نەگەڕێت، بەڵکو فەرهەنگەکە خۆی دەبێتە سەرچاوەی زانیاریی. بۆ نموونە دەکرێت پوختەیەك لە بارەی کارەکانی زمانی کوردی و چاوگ و هەندێك زانیاری لەبارەی زمان و زانیاری ترەوە لە پاشکۆ دابنرێت و خوێنەری سوودی لێببینێت.
لە فەرهەنگی خاڵ ئەم پوختەی ڕێزمانییە بەدیدەکریت و (بە کورتی باسی ڕێزمانی کوردی دەکات، کە پێویست بێت بە فەرهەنگەکە لەگەڵ نیشانە تایبەتییەکانی ناوەوەی).(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 59-60). کە ئەمەش (بەتەواوی لەگەڵ مەبەستی فەرهەنگەکەدا دەگونجێت و بۆ گۆڕینی وشە بەپێی پێویست بەکارهێنەری فەرهەنگەکە دەتوانێت سوودی لێببینێت).(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف: 1987: 11). لەو پوختە ڕێزمانییە بە کورتی باسی کار و چاوگەکانی زمان و جۆرەکانی و ئەو پێشگرانەی کردووە، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی چاوگی دارێژراو. هەروەها باسی هەندێك پێکهێنانی ناوی دارێژراوی کردووە، کە هەندێك پاشگری دیاریکردووە و ناوی دارێژراوی دروستکردووە. بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێین کە لەو سەردەمە بایەخی بە دانانی پوختەی ڕێزمانی داوە کارێکی زانستی و گرنگیی کردووە و ئێستاش زۆربەی فەرهەنگەکان بایەخی پێنادەن.
م.خاڵ لەم پوختەیەیدا زاراوەی (کار)ی بۆ چاوگ(مصدر) بەکاردەهێنێت و لە جیاتی کار، کردار دادەنێت. سەبارەت بە چاوگ دەڵێت: کار لەسەر پێنج جۆرە: 1-ئەلفی 2-تائی 3-دالی 4-واوی 5- یائی، چونکە لە پێش

نوونی (کار)ەوە هەمیشە یەکێك لەم پێنج پیتە (أ،ت، د، و، ی) دەبێت ببێت، ئنجا بەم بۆنەیەوە هەر یەکەی ناو دەبرێت بە یەکێك لەو پیتانە.**(فەرهەنگی خاڵ:2017: بیست و دوو)**. ئێستا ئەم زانیارییە تایبەتە بە چاوگ نەك کار. چاوگیش بۆ فەرهەنگ دەبێتە سەرەوشە نەك کار.بەپێی ئەودەربڕینەی دەڵێت ناو و پیت وتەن و لەم فەرهەنگەدا دەنووسرێن، بەڵام کردار وتەیەك نییە، کە لە فەرهەنگی کوردیدا بنووسرێت، چونکە بنەڕەتەکەی کە کار(مصدر)ە دەنووسرێت ئیتر پێویست بە نووسینی کردارنییە(هەمان سەرچاوە)، بەمجۆرە ڕای خاڵ وایە کار لە فەرهەنگدا نابێتە سەرەوشە.(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 149).

**2-5- لە ڕووی دەنگسازییەوە:**

زانیاری دەنگسازی زۆر زۆر کەمە لەناو هەموو فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا، بۆیە فەرهەنگی خاڵی بەدەر نییە لەو کەمتەرخەمییە و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کاری وا هەیە لەناو ئەم فەرهەنگەدا ئاماژەی پێکردووە دەچێتە خانەی زانیاری دەنگسازییەوە:

- **ئەلف: (ل19)**: ناوە بۆ پیتی یەکەم لەو بیست و حەوت پیتەی کوردی، ئەلف لە سەرەتای وتەوە و لە ناوەڕاستییەوە و لە دواییەوە دەبێت.

ئەلفێك کە لە سەرەتاوە بێت لەسەر سێ جۆرە: (1) ئەصلی ، (2) وصلی، (3) زیاد. اصلی: ئەلفێکە فڕێدانی دروستنەبێت وەك (ئاو، ئاگر)، وصلی: ئەلفێکە کە فڕێدانی دروستبێت، وەك(ئەگەر) کە دروستە بڵێیت (گەر)، زیاد: ئەلفێکە کە اصلی وشە نەبێت وەك (ئەمن، ئەتۆ) کە اصلەکەیان (من، تۆ)ن.

ئەلفێك کە لە ناوەڕاستەوەبێ لەسەر دوو جۆرە:

(1) ئەلفی بەستنەوە(ربط) کە دوو وتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەك (سەرانسەر، بەرامبەر، سەراپا)

(2) ئەلفی زیاد، وەکو (خەمخوار، یێگوزار) کە اصلەکەیان (خەمخۆر، یێگوزەر)ە.

ئەلفێك کە لە دواییەوە بێت، هەر اصلی دەبێت وەك: (ئینجا، کوێخا). (ل19).

لەو زانیارییانەی سەرەوە جەختت لەسەر پیت یان فۆنیمی (ئەلف/ ا) دەکات و شوێنی دەرکەوتنیان و لە کوێ بەر کورتکردنەوە و یان قرتاندن دەبن، کە ئەمەش هەندێکی بۆ سووکی دەربڕینە یان بەهۆی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانەوە ڕوودەدەن. دەربارەی ئەو ئەلفەی کە دەڵێت لە ناوەڕاستەوە دیت و لە خاڵی یەکەمدا کە باسی ئەلفی بەستنەوە دەکات لەو وشانەی کە وەك نموونە هێناویەتییەوە ڕاست نین و بە تایبەتی لە وشەی (سەرانسەر، بەرامبەر) ئەوەی نێوان دوو وشەکە (ان)ە نەك ئەلفی بەستنەوە.

- **بەرماغ**: بەرماخ.(**ل58**). لێرەدا لە ڕووی فزنەتیکییەوە بەو نموونەیەی وا دەردەکەوێت کە شارەزایی لە بواری دەنگسازیدا هەبێت و شارەزایی لەوە هەبێت کە دەنگی (خ) و (غ) ئەلۆفۆنن لە زمانی کوردیدا و هەمان نرخیان هەبێت، لەبەرئەوەی هەردوو وشەکەی کە وەك نموونە هێناوەتەوە دەزانیت کە هەر کامەیان بنووسێت هەمان واتا دەگەیێنێت. ئەلەفۆنیش ئەوەیە دوو فۆنیم هەمان نرخیان هەبێت، چ لەسەرەتا یان ناوەند یان کۆتایی وشە نووسرا واتاکەی نەگۆڕێت، بۆ نموونە وشەی (مەهاباد: مەهابات ) و (سەد : سەت )...هتد، فۆنیمەکانی (د/ت) و (س/ص) لەو نموونانەدا ئەلۆفۆنیان پێدەوترێت.

- **بێسان**: **بێستان (ل70)**

- **بێسانەوان**: **بێستانەوان(ل70)** لەو دوو نموونەیەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو دوو وشەیە هەمان واتا دەگەیێنن سەرەڕای کورتکردنەوەی (ت) و لادانی لە وشەی (بێستان) و (بێستانەوان). ئەمەش لە دەنگسازیدا بەر یاسای کورتکردنەوە و قرتاندن دەکەوێت. واتە دەکرێت بوترێت فۆڕمی فۆنەتیکی و فۆڕمی فۆنۆلۆژی لێکجیاکردووەتەوە، ئەم وتەیەش بۆ هەموو نموونانەکانی تری لەم جۆرە دروستە.

- **دریخ: د.دریغ(ل234).**

- **دەستگێر**: **دەزگێر(ل253)**

- **دەستگیران**: **دەزگیران**

لەو نموونانەی سەرەوە هەستی بە گۆڕانکارییەکان کردووە، کە بەر یاسای کورتکردنەوە و گۆڕینی دەنگەکانە، کە ئەو دووانەش بەر یاساکانی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی دەکەون، بەڵام ئەو یاسایانەی دیارینەکردووە و لە ڕێی وشەکانەوە ئەوەی زانیوە.

هەروەها لە هەندێ وشەی تریشدا هەست بەو یاسا فۆنۆلۆژییانە دەکریت، بۆ نموونە **لە لاپەڕە (256)**بڕوانە ئەم وشانەی خوارەوە:

-دەسکراوە: دەستکراوە (یاسای کورتکردنەوە).

-دەسکوتان : دەستکوتان.

- دەسکەوت: دەستکەوت

- دەسکێش: دەستکێش

- دەسکەوتن: دەستکەوتن

- دەسگا: دەزگا

- دەسگر: دەزگر .....هتد، و چەندین نموونەی تریش لەهەمان لاپەڕەی (**256**).

- **غونچە**: **خونچە**(ل387). لێرەدا و لەڕیی نموونەکەوە زانیویەتی کە هەردوو دەنگی(غ) و (خ) ئەلۆفۆنی یەکترن و هەردوو وشەکە هەمان واتایان چ کۆتاییەکەی دەنگی (غ)بێت یان (خ).

بە گشتی لە فەرهەنگە کوردییەکاندا زانیاری لە ڕووی دەنگسازییەوە کەم کاری تێکراوە، کە دەکرێت ئاماژە بە نیشانەکانی خاڵبەندی و زانیارییەکانی تری وەك ڕێنووس و چۆنێتی گۆکردن و هێزی سەرەکی وشەکان و دیاریبکرێن(محەمەد مەعروف فەتاح:2001: 171).

**6-2- لەڕووی وشەسازییەوە:**

لە هەندێك شوێنی فەرهەنگەکەی ئاماژەی بەهەندێك کاری بواری وشەسازی کردووە، بۆ نموونە لە دەروازەی (ئانە) کە مەبەستی پاشگری (انە) دەڵێت:

-**ئانە**: (**ل10**).

پیتێکە بەهەر ناوێکەوەبنرێت دەیکات بە (مشبه به): شێر (انە) هەستاوە و پیاو(انە) وەستاوە. دەبێ بە پیتی پاڵدان (نسبە) لە جێگایەکدا کە ببێت بە (موزافوالیە) لەگەڵ ئەو ناوەی کە پێوەی نووساوە: کەوای پیاو(انە) و کراسی ژن(انە)، واتە کەوا و کراسێك کە هی پیاو و ژن بێت.

بە هەورامی وشەی (ئانە) بەواتای دایك دێت و لە ئەردەڵانیش بەواتای دایك دێت. (**ل10**). کەواتە وەك پاشگر لە (انە) دواوە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە.

**- ئەددی**: وتەی سەرسوڕمان(**ل16**). وەك ئامرازی سەرسوڕمان کە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن باسیکردووە.

**- ب**: پیتێکە دەچێتە سەر هەندێك کار(مصدر) لە پاش فڕێدانی نیشانەی کاری دەیکات بە کارکەر (اسمی فاعل): (بـ)زان، (بـ)نووس، (بـ)خۆر.(**ل25**).

لێرەدا لەڕووی وشەسازییەوە باسیکردووە ، کە مەبەستی ئەوەیە (ب) وەکو مۆرفیمی بەندی دارشتن، یان بڵێین وەك پێشگر کە ئەو پێیدەڵێت (پیت) دەتوانێت ناوی بکەری دروستبکات. کە ئەو زاراوەی (کارکەر/اسمی فاعل)ی بۆ داناوە.

**- باخە: (ل26)**. وەك هاوبێژ ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە و ئاماژەی بۆ دوو واتای جیاوازی کردووە: (باقەی گیا و شتی تر) و (دەنگنووساو/ز).

- **بە**: (**ل49**) بە وردی ڕووی بەکارهێنانی (بە) لەڕووی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاییەوە باسکردووە. ئەوەی پەیوەندی بە وشەسازییەوە هەبێت ئەمانەی خوارەوەن:

- بۆ لێکدانی دوو وتە: ڕوو(بە)ڕوو، موو(بە)موو، دەست(بە)دەست، سەر(بە)سەر.(ل49). واتە لێرەدا وەك ناوبەند یان ناوەگر باسکردووە، ئەو ناوبەندانەش کاریان ئەوەیە ئەو دوو وشە لەیەکبدەن و وشەیەکی نوێی لێدروستبکەن.

- بۆ کردنی (اسم) بە (صفەت).(ل49) واتە وەك پێشگر کە دەچێتە سەر ناو دەیکات بە ئاوەڵناو، ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی وشەی نوێ. ئەو نموونانەشی بۆ هێناوەتەوە: منداڵی (بە)هۆش، پیاوی (بە)هێز.

sjh@univsul.edu.iq

- **بەر**: (**ل52**) لە ڕووی وشەسازییەوە وەك پاشگر باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە بەهەر ناوێك(اسم)ەوە نووسا دەیکات بە اسمی فاعل: ڕەنج(بەر)، فەرمان(بەر)، ڕا(بەر).

اسمی فاعل مەبەستی ناوی بکەرە و بەڵام ئەو (بەر)ە مەرج نییە هەمووکات لە کۆتایی هەموو وشەیەکدا ڕۆڵی پاشگری بگێڕێت، لەبەرئەوەی لە ڕەگی چاوگی (بوون) و پاشگری (ەر)ەوە بۆتە (بەر):

ڕەگی چاوگی بوون (ب) + پاشگری (ەر) = بەر

وشەی (ڕەنجبەر، ڕابەر، فەرمانبەر...) ناوی بکەری لێکدراون لە:

(ناو + ڕەگ + پاشگر)ەوە دروستبوون.

- **ت**: (**ل113**). باسی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی کردووە. کە زاراوەی (ضمیر)ی بۆ داناوە، دەڵێت: (ت) (ضمیر)ی تاکی قسەلەگەڵکراو(مفردی مخاطب): کالاکە(ت)، بۆ نەهاتی(ت)؟

- **تر**: (**ل118**) وەك پلەی بەراورد کە دەچێتە خانەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە باسکردووە و دەڵێت: پیتێکە باوی ناو(اسم)ێك بەسەر ناوێك یا بەسەر چەند ناوێکی تردا دەدات لە صفەتێکدا کە هەردووکیان تێدابەشدارن. نەریمان لە کامەران یا لە هەموو براکانی زیرەك(تر)ە. هەروەها وەك ئاوەڵناوی نادیاریش باسی کردووە و دەڵێت: پیتێکە جیاوازی شتێك لە شتێکی تر دەگەیێنێ: پیاوەکەی (تر)م بۆ بانگکە.

ئەو دوو (تر)ەی کە ڕوونیکردووەتەوە بەپێی ڕوونکردنەوە و ڕستەهێنانەوەکان دوو شتی جیاوازن، لە یەکەمیان پلەی بەراوردە و دەچێتە سەر ئاوەڵناوی چۆنێتی و هەروەها دەچێتە سەر هەندێك لە ناوەکانیش، لە دووەمیاندا مەبەستی لە ئاوەڵناوی نادیارە کە لەگەڵ دیارخراودا دێت و ڕۆڵی دیارخەر دەگێڕێت. نموونە: پیاوێکی تر / کچێکی تر / گوندێکی تر ...هتد.

- **ترین**(**ل121**).

وەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کە پلەی باڵایە باسیکردووە و دەڵیت: پیتێکە باوی ناوێك لەناو چەند ناوێکدا دەدات لە صفەتێکدا کە لە هەموویاندا ببێت، بەڵام لە میاندا زیاتربێت: سەردار زیرەکترینی کوڕەکانمە. واتە لە هەموویان زیرەکترە.

- **چی**: (**ل186**).

وەك پاشگر باسیکردووە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی وشەی نوێ و دەڵێت: نیشانەی (فاعل)ە واتە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە فاعل: پینە(چی)، تەنەکە(چی)، شەکر(چی).

- **دا**: وەك پێشگر باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە دەکەوێتە هێندێك ناو(اسم)ەوە مەعنای جووڵانەوەیەکی سەربەرەوخوار دەگەیێنێت: (دا)ماڵین، (دا)دڕین، (دا)خستن.(**ل221**).

- **دار**: وەك پاشگر باسی کردووە و ئەرکی پێکهێنانی وشەی نوێیە و دەلیت: پیتێکە دەنرێت بە دوای هێندێك ناوەوە، خاوەنداریی یەکێك دەگەیەنێت بۆ ئەو ناوە: دەفتەر(دار)، کلیل(دار)، خەزنە(دار)، تاج(دار). (**ل224**).

- **دان**: لەڕووی جیاوازی ئەم (دان)ە دواوە و ئەوەی گرنگ بێت و پەیوەندی بە وشەسازییەوە هەبێت، ئەوەیە وەك پاشگر باسیکردووە و وشەی نوێ پێکدینێت و هەروەها چاوگیش دروستدەکات بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە (اسمی مکان)/ مەبەستی ناوی شوێنە: (ئاگر(دان)، خوێ(دان)، گوڵ(دان). هەروەها دەڵێت: پیتێکە دەنرێت بە هێندێ ناوەوە دەیکات بە (مصدر): فڕێ(دان)، ئاو(دان)، ئازار(دان).(**ل229**).

- زار:(ل291). پاش ئەوەی لەهەندێ ڕووەوە لە واتاکەی کۆڵیوەتەوە، هەروەها وەك پاشگریش لێیدواوە و دەڵێت: وتەیەکە بە دوای هێندێك وشەوە کە نرا شوێنی ئەو شتە پیشاندەدات، گوڵ(زار)، لالە(زار)، میرغو(زار).

-**کار**: (**ل435**).

جگە لەواتاکانی تری، وەك پاشگریش باسی کردووە و دەڵێت: (کار) پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا، دەیکات بە ئیشکەر(فاعل): کرێ(کار)، بەد(کار).

- **کە**: (**ل465**) جگە لە ڕووی ڕستەسازییەوە ڕوونیکردبووەوە، هەروەها لەڕووی وشەسازییەوە وەك ئاوەڵناوی نادیاری باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە جیاوازی شتێك لە شتێکی تر دەگەیەنێت، وەك وتەی (تر): یەکێکی کە، واتە یەکێکی تر.

sjh@univsul.edu.iq

- **کەر**: (**ل467**) جگە لەوەی باسی زۆر لایەنی کردووە، بەڵام لەڕووی وشەسازیشەوە ئەوەی دیاریکردووە، کە وەك پاشگر دەتوانێت وشەی نوێ درووستبکات. لەوبارەیەوە دەڵێت: (کەر): پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە ئیشکەر: کارە(کەر)، نوێژ(کەر)، چێشت(کەر).
سەرەڕای ئەوە کە (کەر) پاشگر نییە و زمانەوانانی کورد بەهەڵە بە پاشگریان لە قەڵەمداوە، بەڵکو لە ڕەگی چاوگی (کردن) و پاشگری (ەر)ەوە دروستبووە.
کە + ەر= کەر . واتە ئەو وشانەی لەچاوگەوە وەرگیراون لە پێکهاتەکانیان (کەر) هەیە هیچیان پاشگرنین، بەڵکو بە وشەیەکی لێکدراو دەژمێردرێن، وەك: (گۆڵکەر، نانکەر، یاریکەر، نوێژکەر....) هەمووی وشەی لێکدراون و ناوی بکەرین.
- **گ**: (**ل485**). وەك پاشگر لەم (گ)ە دواوە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە و دەڵێت: (گ) پیتێکە لە شوێنی (و)ی (اسمی مفعول) دەنووسێت بە دوای هەندێ وتەوە: گەیی(گ)، ڕۆیی(گ)، واتە گەییو، ڕۆییو.
(اسمی مفعول) مەبەست ناوی بەرکارییە.
- **گا**: (**ل485**). باسی (گا)ی کردووە وەك پاشگر و دەڵێت بەهەر ناوێکەوە بلکێت لە پاشەوە دەتوانێت ناوی شوێن دروستبکات. دەڵێت: (گا) پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە (اسمی مکان): ڕێ(گا)، سەیران(گا)، واتە جێی ڕۆیین و سەیران. ئەوەی جێی تێبینییە بۆ دەبێ بۆ ناوی شوێن (اسمی مکان)ی بەکار هێنابێت؟
- **گر**: (**ل488**). باسی ئەمەشی وەك پاشگر کردووە و دەڵێت: پیتێکە بە هێندێك ناوەوە دەنووسێت دەیکات بە سیفەت مشبە: بەرگە(گر)، فرە(گر).
- **گەر**: (**ل509**). وەك پاشگر باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە ئیشکەر (فاعل): چەقۆ(گر)، مز(گر)، زەڕ(گر).
- **گەل**: (**ل513**) وەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کە نیشانەی کۆیە، لێی دواوە، بەڵام ئەو زاراوەی (وتەی) بۆ داناوە، کە دەڵێت: وتەیەکە بە دوای هێندێك وتەوە دەنرێ مەعنای زۆری ئەو شتە دەگەیەنێ: کوڕ(گەل)، پیاو(گەل)، ژن(گەل).
- **ن**: (**ل577**). وەك پاشگر باسی کردووە و نموونەی بۆ هێناوەتەو و دەڵێت: دەنووسێ بە دوای هێندێك ناوەوە دەیکات بە سیفەتی مشبە: چڵك(ن)، کوڵك(ن)، ورگ(ن). واتە کاتێ (ن)ی پاشگر بەکۆتایی ناوێکەوە بلکێت دەیکاتە ئاوەڵناوی داڕێژراو.
- **نا**: (**ل577**) وەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نیشانەی نەرێکردنە بۆ کاری ڕانەبردوو و مامۆستا خاڵیش لەو ڕوانگەیەوە باسیکردووە و دەڵێت: پیتی نەفییە بۆ ئیستا و لەمەولا: (نا)خۆم، (نا)ڕۆم.
- **نان**: (**ل581**). لێرەدا وەك چاوگ لێیدەدوێت و دەڵێت: پیتێکە بەدوای هێندێك ناوەوە دەنووسێت دەیکات بە کار(مصدر): دا(نان)، ناو(نان). ڕاستییەکەی ئەوەیە پێشگری (دا) لکێنراوە بە چاوگی (نان) کردوونی بە چاوگی داڕێژراوی (دانان). ئەوەی جێی سەرنجە نەدەبوو (نان) بە پیت دابنێت، لە وشەی (ناونان) ڕاستە کە بووەتە چاوگ و چاوگێکی لێکدراویشە بەڵام ئەگەر مەبەستی لە وشەی (پیپت) پاشگربێت، ئەوا تا ئێستا پاشگرێك نییە کە (نان) بێت.
- **نە**: (**ل592**) وەك مۆرفیمی ڕێزمانی کە نیشانەی نەرێی ڕابردووە لێی دواوە و دەڵێت: پیتی نەفییە لە ڕابردوودا: (نە)ی خوێند یا (نە)ی خوێندەوە. هەروەها دەڵێت: پیتی نەفی سیفەتە لە یەکێك: فڵان کەس نەزانە یا نەزۆکە، یانەخوێندەوارە. پیتی نەهییە بۆ حازر و غائب، (نە)ڕۆیت، (نە)ڕوا.
- **و** : (**ل605**). باسی هەندێ لایەنی ئەم (و)ی کردووە و پەیوەندی بە وشەسازییەوە هەیە، بەمشێوەیەی خوارەوە: (**و**): پیتێکە دەکەوێتە ناوەندی دوو وتەوە، جوێبوونەوەی یەکەم لە دووەم دەگەیەنێت: مەلا (و) مزگەوت، دەرویش (و) تەکیە. هەروەها دەڵیت: پیتێکە دەنوسێت بە هێندێك وتەوە دەیکات بە سیفەتی مشەبە: مردو(و)، بابردو(و)، گورگان خواردو(و).(خاڵ:605). لە هی یەکەم وەك ناوبەند دوو وشەی گەیاندووە بەیەکەم . لە دووەم وەك پاشگر ڕۆڵی لە پێکهێنانی ناوی بەرکاری گێڕاوە، کە ئەو لێرەدا پێی وتووە (سیفە مشەبە).
- **وا**: (**ل605**). باسی هەندێ لایەنی وشەسازی ئەم (وا)یەی کردووە:
دەنووسێت بە هێندێ ناوەوە دەیکات بە کارکەر: نانە(وا). هەروەها دەڵێت: دەنوسێت بە هێندێك ناوەوە دەیکات بە سیفەتی مشەبە: ئاردە(وا)، دۆخە(وا).

sjh@univsul.edu.iq

ئەوەی زانراوە پاشگری (ەوا) لکاوە بە وشەی (نان) و(ئارد) و (دۆخ).
- **وان**: (ل**607**). وەك پاشگر باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە بە هێندی ناوەوە کە نووسا چاودێری و پاسەوانی دەگەیەنێ: باخە(وان)، ئاشە(وان)، گا(وان).
لەڕاستیدا دەبێت پاشگری (ەوان)بێت، لە هەندێ وشەدا (ەوان) و وەردەگرێت و لەهەندێ وشەشدا (وان) وەردەگرێت.
- هات: (ل619). باسی (هات)ی لەڕووی جیاوازەوە کردووە، یەکێ لەوانە وەك نیشانەی کۆ باسیکردووە و دەڵێت: بەدوای هێندێ وتەوە دەنرێ و دەبێ بە نیشانەی (جمع): دێ(هات)، میوە(هات).
لە ڕاستیدا تەنها (ات) نیشانەی کۆیە، کە نیشانەیەکی لاوەکییە لە زمانی کوردیدا بەهۆی گۆڕانی مێژووییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی و ئەو (هـ)ش بەهۆی کاریگەری یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە لە نێوان وشە و نیشانەی کۆیەکە پەیدادەبێت. لەبەرئەوەی هەندێ وشە کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ و نیشانەی (ات) پێوەدەلکێنیت، لەو بارەدا ئەو (هـ) دروستدەبێت تا بزوێنەکان دانەیەکیان نەقرتێندرێت، بۆ نموونە: (دێ) + ات = دێهات .
لەبەرئەوەی وشەی (دێ) بە بزوێن کۆتایی هاتووە و نیشانەی کۆی (ات) بە بزوێن دەستپێدەکات، بۆیە دەبێ (هـ)ی وەك ناوبەند بخرێتە نێوان هەردوو بزوێ (ێ)ی وشەی (دێ) و (ا)ی نیشانەی کۆی (ات).
- هەڵ: (ل633).
جگە لەوەی وەك سەرەوشە دیاریکردووە، لە هەمان کاتیشدا وەك پێشگر باسی کردووەو دەڵێت: وتەیەکە دەچێتە سەر هێندێ وتەی تر، جوڵانەوەیەکی سەرەوژوور دەگەیێنیت: (هەڵ) پەڕین، (هەڵ) ماڵین.
واتە بە ناڕاستەوخۆ دیاریدەکات، کە بەتەنیا بەکارنایەت، واتە وشەیەکی سەربەخۆ نییە. ئەو ڕوونکردنەوەیەی لە بارەیەوە داوێتی وادەکات بە زوویی لێیتێبگەی و واتای (هەڵ) یان ئەرکەکەیت بۆ ڕوون ببێت.
- **هەی**: (ل**649**). وەك ئامرازی بانگکردن باسیکردووە و دەڵێت: پیتی بانگکردنە بۆ نزیك: (هەی) بە قوربانتبم، یا (هەی) هاوار، یا (هەی)داد. هەروەها دەڵێ ئامرازی سەرسوڕمانە.
- ی: (ل**655**). لەزۆر ڕووە لە ئەرکی ئەم (ی)ی کۆڵێتەوە و ڕوونیکردۆتەوە، لە ڕووی وشەسازییەوە باسی ئەم لایەنانەی کردووە:
بۆ پاڵدان(نسبت)ی شتێك بۆ شوێنێك: شارباژێر(ی)، دیاربەکر(ی)، کرماشان(ی). واتە وەك (ی) ڕێژەیی کە ئاوەڵناوی ڕێژەیی دەگەیەنیت، باسکردووە.
دەنووسێت بە دوای صفەتەوە دەیکات بە (مصدر): شێت(ی)، ژیر(ی)، جوان(ی).
- **یار**: (ل**656**). وەك پاشگر باسیکردووە و دەڵێت: پیتی کارکەر(فاعل)ە بەهەر ناوێکەوە نووسا دەیکات بە کارکەر: کڕ(یار)، جووت(یار)، فرۆش(یار)، بەخت(یار)، زان(یار).
- **ین**: (ل**657**). وەك پاشگر باسیکردووە و وشەی نوێ دروستدەکات: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات (اسم منصوب): نیسك(ێن)، ماش(ێن). هەروەها دەڵێت: پیتێکە بە هێندی ناوەوە دەنرێت دەیکات بە (مصدر)ی یاری: گۆز(ێن)، سنجووق(ێن)، هەڵمات(ێن)...هتد.
- **ین**: (ل**660**). وەك پاشگر باسیکردووە: پیتێکە بەهەر ناوێکەوە نرا دەیکات بە (اسمی منصوب): ئاسن(ین)، دار(ین)، پەشم(ین).
- **یژگە**: (ل**660**) وەك پاشگر باسیکردووە و دەڵێت وتەیەکە دەنرێت بە دوای وشەی (کوڕ) و (کچ) و (پیاو) و (ژن)ەوە بۆ خۆشەویستی: کوڕیژگە، کچیژگە، پیاویژگە، ژنیژگە.
بێگومان زانیارییە وشەسازییەکان لەوانە زۆرترن، کە لیرەدا باسکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا م.خاڵ توانیویەتی بڕێکی زانیاری باش لەو بوارەدا پێشکەشبکات.

**2-7- لە ڕووی ڕستەسازییەوە:**
لەم فەرهەنگەی خاڵدا کاری ڕستەسازی بۆ چەندین سەرەوشە کراوە و زانیاری لە بارەیانەوە دراوە، بۆ نموونە:
**- ئە**: پیتی لەمەولا(مستقبل): ئە(خوێنم) ئە(نووسم) واتە لەمەولا. پیتی ڕابردووی درێژەدار(ماضي استمراري): (ئە)م خوێند، (ئە)م نووسی. پیتێکە لەجیی وتەی (بۆ)یەك بەکاردێنرێت کە بە مەعنا پاڵدان (نسبت)بێت: قسەی خەراپ مەدە (ئە)پاڵ کەس، واتە بۆلای کەس.(ل**15**).

sjh@univsul.edu.iq

واتە لێرەدا وەك (دە) بۆ كاری ڕانەبردوو و كاری ڕابردووی بەردەوامی بەكارهێناوە، هەروەها وەك ئامرازێكیش جێی ئامرازی (بۆ) دەگریت.

- **ئەوا**: پێتی ئێستایی(اداتی حال): ئەوا دەنووسم. واتە ئێستا. ئەو(ز). (**ل21**). واتە وەك ئامرازیی ئێستایی ئەركەكەی ڕوونكردۆتەوە.

- **ئەی**: وتەی بانگكردن: (ئەی) خودا داد لە دەست ڕۆژگار. (**ل21**). لێرەدا وەك ئامرازی بانگكردن باسیكردووە، كە ئەویش بەشێكە لە بەشەكانی ئاخاوتن. هەروەها وەك ئامرازی پرسیاریش نموونەی بۆ هێناوەتەوە.

- **ب**: وەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نموونەی بۆ هێناوەتەوە دەڵێت: دەچێتە سەر ئەمری حازر و غائب لە نموونەكانی: (بـ)خوێنە، (بـ)نووسە، (بـ)خوێنێت، (بـ)نووسێت. (**ل25**). كە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە لە كاری داخوازیدا بەشداریدەكات.

- **با**: (**ل25**) جگە لەوەی باسی بەكارهێنانی لەزۆر ڕووەوە دەكات، لەو ڕووەی پەیوەندی بە ڕستەسازییەوە هەبێت دەڵێت:

(پێتی پەلە و تەئكیدە دەخرێتە سەر ئەمری غائب: (با)بێت، (با)بڕوات. دەچێتە سەر مازیی ئینشائی و مضارع: (با)بچوویتایە، (با)بچیت، واتە چوونت چاكترە لە نەچوونت). (فەرهەنگی خاڵ:25).

واتە لێرەدا وەك ئامرازی جەختكردنەوە و داخوزای نادیار و هەروەها دەچێتە سەر ڕابردووی و ڕانەبردووی دانانی .

- **بام**: پێتی پەلە و تەئكیدە دەخرێتە سەر ئەمری غائب و متكلمی وحده و متكلمی مع الغیر: (بام)بڕوات، (بام)بڕۆین، (بام)بڕۆم. (**ل32**). لێرەدا وەك ئامرازی جەتكردنەوە باسی (بام)ی كردووە، كە ئێستا لە زۆربەی ئەو كتێبانەی لەبواری زمانەوانی كوردیدا هەن، ئەو جۆرە ئامرازە پێشچاوناكەوێ.

- **بلا**: پێتێكە دەخرێتە سەر ئەمری غائب بۆ بەهێزكردنەوە(تاكید): (بلا)بڕوات، واتە بابڕوات.(**ل41**). لێرەدا (بلا)ی بە ئامرازی جەتكردنەوە داناوە و دەچێتە سەر داخوازی بزر و بۆ بەهێزكردن و جەختكردنەوە بەكاردێت.

- **بۆ**: (**ل44**) باسی هەندێ لەو ئەركە ڕێزمانیيانەی كردووە كە ئامرازی (بۆ) لە سینتاكسدا دەیگێرێت، وەك:

-دەبێتە ئامرازی پرسیار لە هۆی شت: بۆ ناخوێنیت؟

- ئامرازێكە كردنە قەبەڵ و تەرخانكردنی شتێك بە شتێكەوە دەگەیێنێت: ئەسپەكە (بۆ) تۆ، زینەكە (بۆ) ئەسپەكە.

- دەبێتە ئامرازی هۆیەتی(تعلیل) دەگەیێنێت. (بۆ) خوێندن هاتووم.

- **بوخاری**: **موغەیری(ل45)**

ئەم دوو زاراوەیە ڕوون نین مەبەستی لێیان چییە؟ دەبوو یەكێك لەو زاراوانە ڕاڤەبكات، تا بۆ خوێنەر ڕوونبێت. (زاراوەی (موغەیری) كەلەبەرێكە لە دیوار ئاگری تێدادەكرێتەوە و لەسەربانەوە دوكەڵەكەی دەردەچێ).(فەرهەنگی ووشەكاری ئەلیكترۆنی).

- **بە**: (**ل49**). لە ڕووی ڕستەسازییەوە وەك پێشبەند یاخود ئامرازی پەیوەندییەوە نموونەی بۆ هێناوەتەوە: دەردی دواكەوتن (بە) گەلی نەخوێندەوارەوەیە.

- **بەس**: وتەیەكە بە دیمەن ناو(اسم) و لە مەعنای (فعل)دایە، واتە دەست لەو كارە یا لەو گوفتارە هەڵگرە.(**ل61**). واتە باسی وشەی (بەس)ی كردووە وەك كردار و لە دیمەنیشدا ناوە.

- **پێ**: (**ل102**) لە ڕوونكردنەوەكانی بۆ ئەركە جیاوازەكانی (پێ) ئاماژەی بەوە كردووە، كە (بە) گۆڕاوە بۆ (پێ) وەك لەوەی كە دەڵێت: وتەیەكە بە مەعنا (بە): (پێ)ی بڵێ، واتە بەو بڵێ.(ل102). واتە پێشبەندی (بە) دەگۆڕێت بۆ (پێ).

- **تا**: (**ل113**). باسی ئەو (تا)یەی وەك ئامراز كردووەو زۆری لایەنی بە نموونەوە ڕوونكردووەتەوە.

- **دا**: لەڕووی ئەركی ڕێزمانییەوە باسیكردووە و وەك پاشبەند كە دەڵێت: پێتێكە بۆ بەستنەوەی دوو وتار بەیەكەوە بەكاردێنرێت: لەگەڵ (نەریمان)دا بچۆ بۆ قوتابخانە.(**ل221**). هەروەها وەك ئامرازی وریاكردنەوەش باسیكردووە: (دا) وەرە.(**ل221**).

- **دە**: (**ل246**). باسی ئەو ئەركە ڕێزمانییە جیاوازییانەی كردووە، كە (دە) لەڕووی سینتكاسییەوە دەگێڕێت، كە دەڵێت:

(دە) پیتی هاندانە(مەبەستی لە پیت ئامرازە) دەچێتە سەر (فعلی ئەمر)ی حازر لە ئێستادا: (دە)بنووسە، (دە)برۆ، واتە ئێستا. هەروەها دەڵێت: پیتی ڕابردووی درێژەدار(ماضي استمراري)ە: پار (دە)م خوێند، واتە هەموو پار لە خوێندندابووم. هەروەها دەڵێت: پیتی لەمەولا(استقبال): (دە)خوێنم، واتە لەمەولا.(ل**246**).

- **دەبا**: (ل**246**) بەهەمان شێوە دەڵێت : (دەبا) پیتی هاندانە دەچێتە سەر (فعلی ئەمر)ی حازر و غائب بۆ لەمەولا: (دەبا)بچیت، (دەبا)بڕوا، واتە لەمەولا.

- **سا**: (ل**315**) باسی (سا) کردووە وەك پارتیكڵ، بەڵام ئەو زاراوەی (پیت)ی پێدەڵێت: پیتێکە دەچێتە سەر وەرامی شەرتێکی فرێدراو لەبەر ئاشکرایی: (سا) منیش نایەمە لات لە وەرامی یەکێکدا کەپێت بڵێت ئیتر هاتوچۆت ناکەم، واتە ئەگەر نەیەیتە لام منیش نایەمە لات.

پارتیکڵەکان وەك (سا، جا، دەی، دە...هتد) بەزۆری لەگەڵ کردارەکاندا دێن و هەروەها جەختکردنەوەش دەگەیێنن.

- **ش**: (ل**357**). وەك ئامرازی پەیوەندی باسیکردووە و دەڵێت: پیتێکە بەکاردێنرێت لەجێی وتەی (وەك): منیش دەخوێنم، واتە وەك تۆ. دەبوو نموونەیەکی هێناباتەوە کە تەنها (ش)ی تێدابێت، یان وتبای هەندێ جار بە (ش) و هەندێ جار بە (یش) دەردەکەوێت.

- **کە**: (ل**465**). لەڕووی ڕێزمانی و ئەرکی سینتاکسییەوە لە (کە) دواوە و دەڵێت:

(کە): پیتێکە دەکەوێتە ناوەندی دوو وتارەوە، وتاری دووەم دەکات بە تەواوکەری وتاری یەکەم: مەردووم کەسێکە (کە) گیانی خۆی بەخت بکات لە ڕێی بەرزی نیشتمانیدا. هەروەها دەڵێت: وتەیەکە بەکاردێنرێت بۆ بەستنەوەی شتێك بە شتێکی ترەوە لە کاتێکدا: (کە) تۆ هاتیت من دەڕۆم.(ل**465**). واتە وەك ئامرازی لێکدەر یان وەك جێناوی لێکدەر شا ڕستە بە پاڕستەوە دەبەستێتەوە.

- **کێ**: لە (ل**480**) وەك ئامرازی پرسیار باسیکردووە و نموونەی بۆ هێناوەتەوە، کە دەڵێت:

(کێ) پیتی پرسیارە بۆ دەستنیشانکردن(تعین)ی تاقە کەسێك: کێ بوو هات؟

- **لە**: (ل**533**): لەگەڵێ ڕووی سینتاکسییەوە لە واتای ئەم (لە)ی دواوە و بە ڕستە و نموونە هەموو لایەنەکانی ڕوونکردۆتەوە.

- **م**: (ل**547**) وەکو ڕاناوی لکاو قسەی لەسەریکردووە و دەڵێت:

(م): ڕاناوی لکاوە بۆ قسەکەری تەنیا(متکلم وحدە)، دەلکێت بە دوای ناو کردارەوە: کوڕ(م)، ڕۆیشت(م)، دەڕۆ(م). ئەوەی نەوتووە کە جێناوە لکاوەکان لەبەرئەوەی نووسەکن دەلکێن بە هەموو بەشەکانی ئاخاوتنەوە.

- **مان**: (ل**552**). وەك ڕاناو لێی دواوە و دەڵێت: دەبێت بە ڕاناوی قسەکەری هاوڕێدار(متکلم مع الغیر) دەلکێت بە دوای ناو و کرداری تێپەڕەوە: ماڵ(مان)، کرد(مان).

- **ن**: (ل**577**).

لەڕووی ڕستەسازییەوە ئەم ئەرکانەی بۆ دیاریکردووە:

دەبێ بە (ضمیر متصل) بۆ (جمعی مخاطب) و (غائب): ئێوە دەخوێن(ن)، ئەوان دەنووس(ن)، ئێوە بخوێن(ن)، ئەوان بنووس(ن). هەروەها دەبێت بە ڕاناوی قسەکەر لەگەڵ غەیری خۆی(متکلم مع الغیر) وەك (مان) لای هێندێ لە تیرەکانی کورد: ئەسپەکە(ن) هانی، واتە ئەسپەکە(مان). هەروەها دەبێتە پەیوەند(ربط) لەڕستەیەکدا کە کرداری تێدانەبێت: ئەوان پێشمەرگەن.

- **و**: (ل**605**). وەك ئامراز باسیکردووە و دەڵێت: پیتی بەستنەوە(عطف)ی دوو وتارە بەیەکەوە: سالار (و) نەریمان چوون بۆ قوتابخانە.

- **وا**: (ل**605**). وەك ئامراز باسی ئەوەی کردووە کە کاتی قسەکردن دەگەیەنێت: (وا) دەنووسم. واتە ئێستاکە.

- **ی**: (ل**655**). لەڕووی ڕستەسازییەوە هەندێ ئەرکی ئەم (ی)ی باسکردووە:

دەبێت بە ڕاناوی لکاو بۆ تاکی نادیار (ضمیري مفردي غائب): کرد(ی)، برد(ی)، خوێند(ی).

دەکەوێتە ناوەندی (صفت و موصوف و مضاف و مضاف الیە) و بەیەکیانەوە دەبەستێ: لێمۆ(ی) شیرین، دەرگا(ی) مزگەوت.

- یان: (ل656) ئاماژەی پێیداوە وەك ڕاناوی لکاو: (یان) ڕاناوی لکاوە بۆ (جمعی غائب) دەلکێت بە ئاخری ناو و کرداری تێپەڕەوە: دایکیان، خواردیان.

ڕاناوی لکاو تەنها نالکێت بە ناو و کردار، بەڵکو وەك نووسەکێك بە زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە دەلکیت.

**2-8- لەڕووی واتاسازییەوە:**

دەکریت لیرەدا چەند خاڵ و بوارێك لەم ڕووەوە دیاریبکریت، کە پەیوەندییان بە لایەنی واتا و واتاسازییەوە هەبیت. کاری فەرهەنگ جگە لە سوودێکی گشتگیر، هەروەها کاری هەرە لە پێشینەی ڕوونکردنەوەی واتای وشە لێڵەکانە. دەکریت لە فەرهەنگ لەڕووی واتاسازییەوە ئاماژە بۆ زۆرێك لە لایەنەکانی بکرێت، لەڕووی ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان و پێدانی زانیاری جۆراوجۆر بۆ سەرەوشەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە، تا بەپێی پێویست واتای وشەکان و بەتایبەتی وشەنامۆ و لێڵەکان ڕوونبیێتەوە. فەرهەنگی خاڵ جگەی لەوەی بۆ زۆربەی وشەکان زۆر بە ئاسانی واتاکانیانی ڕونکردووەتەوە، بەڵام لە ڕوونکردنەوەی هەندێکیان لەڕووی واتاوە کەموکوری تێدابەدیدەکریت.

خاڵێکی گرنگ لەم فەرهەنگە لەڕووی واتاسازییەوە ئاماژەی پێبدەین پەیوەندییە واتاییەکانە، وەك (هاوبیژیی و فرەواتایی و هاوواتا و دژواتا)یە. بۆ جیاکردنەوەشیان جۆنز لاینز دوو جیاوازی بۆ وشەی (هاوبیژ و فرەواتا) دیاریدەکات، (ڕیشەی وشەکان) و ( دوور و نزیکیان لە واتادا).(**تالیب حوسین عەلی:2011: 97**).

- هاوبێژیی:

هاوبیژیی ئەو وشانەیە بە خوێندنەوە و نووسین وەك یەکن بەڵام لە واتادا جیاوازن و لە فەرهەنگ بە وشەی جیاواز دەژمێردرین، بۆ نموونە وشەکانی:

1- شیر: شیری دایك بۆ منداڵ بە سوودە

2- شیر: ئامێرێکە شەڕی پێدەکرێ

- فرەواتایی:

فرەواتاش، وشەیەکە چەند واتایەکی جیاوازی لێدەبێتەوە و جۆرە پەیوەندییەك دەبێت لە نێوان ئەو واتا جیاوازەدا هەبیت(بڕوانە: تارا عبدالله سعید:1989: 55)، بۆ نموونە:

-کۆبوونەوە: 1- بە واتای (اجتماع)ی عەرەبی دێت، واتە وەك ناوبەکارهاتووە.

2- ئەوان کۆبوونەوە.

واتە واتا جیاوازەکان لە وشەی فرەواتا لە فەرهەنگدا هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوشەکە و بە وشەی جیاواز ناژمێردرین.

لەڕووی وشەی هاوبێژیی و فرەواتاییەوە بەو شێوەیەی کە ئێستا لە فەرهەنگەکاندا ئاماژەی پێدەکریت، مامۆستا خاڵ بەشێوەیەکی تر ئاماژەی پێکردووە، وەك دەڵێت: زۆر لە وتەکان گەلی مەبەستیان بۆ نووسراوە، ئینجا ئەگەر لە ناوەندی مەبەستەکاندا (0) دانرا، ئەوە مەبەستێکی ترە...)(فەرهەنگی خاڵ:بیست و شەش). لێرەدا مەبەستی وشە هاوبێژەکانە، بۆ نموونە سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

**- ئەشرەفی**: جۆرە دراوێکی زێڕینی بچکۆلانەیە دەکرێت بە پلپلەی هێندێك چەکی ژنانە. جۆرە گوڵێکە وەك گوڵەباخ، بەڵام ئەم بۆنی کەمترە و گەلێ ڕەنگی هەیە.(**ل18**).

وەك دەبینین بۆ وشەی (ئەشرەفی) دوو واتای دوور لە یەکی بۆ هێناوەتەوە، لەنێوان هەردوو واتاکە (.) خاڵێکی داناوە، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە ئەو وشەیە بە دوو واتای جیاواز دێت، واتە دەتوانین بڵێین:

1- ئەشرەفی: جۆرە دراوێکی زێڕینی بچکۆلانەیە دەکرێت بە پلپلەی هێندێك چەکی ژنانە.

2-ئەشرەفی: جۆرە گوڵێکە وەك گوڵەباخ، بەڵام ئەم بۆنی کەمترە و گەلێ ڕەنگی هەیە.

ئێستا وشەی هاوبێژ لەناو فەرهەنگەکاندا بەو شێوەیە دادەنریت. ئەوەی مامۆستا خاڵیش بۆ ئەو سەردەمە و بەپێی ڕوونکردنەوەکەی هەر واتای وشەی هاوبێژ دەگەیێنێت.

لەفەرهەنگی خاڵدا ئاماژەی بۆ هاوبێژی و فرەواتایی کردووە، بەڵام بەم چەمکەی ئیستا نا کە لە فەرهەنگەکاندا ئاماژەی پێدەکریت. م.خاڵ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە و وتوویەتی گەر لەناوەندی ڕاڤەکاندا ( . ) دانرا، ئەوە مەبەستێکی ترە،(فەرهەنگی خاڵ:2017: بیست و شەش)، کە بیگومان مەبەستی لە هاوبێژ و فرەواتایە، بەڵام باشتر بوو بە ژمارە یان هەر ڕێیەکی تر ئەو جۆرە وشانەی جیابکردایەتەوە، لەبەرئەوەی خوێنەر لێی تێکدەچی، کە هەمان هێما بۆ هاوبێژی و فرەواتایی دابنریت، لەهەندێ شوێنی کەمیش ڕەچاوی ژمارەدانانی کردووە. بۆ نموونە بۆ واتاکانی وشەی (بۆ) دابەشیکردووە بەسەر یانزە بەشدا و تێکەڵاوی نەکردووە. (کەواتە

sjh@univsul.edu.iq

خاڵ لەڕووی کرداریيەوە، بە تێکەڵی مامەڵەی لەگەڵ هاوبێژی و فرەواتاییدا کردووە). (عەلی حەمەد عوسمان:2021: 182). بۆ هاوبێژی با سەیری ئەم نمونەیەی بکەین:

- زاخۆ: (ل291). جۆرە پاڵتۆیەکە لەبەردەکرێت. ناوە بۆ شارێك لە کوردستانی عێراق.

واتە ئەو (.) کردۆتە هێما بۆ گەیاندنی چەمکی هاوبێژی و فرەواتایی، کە دەبوو ژمارە یان هێمای ( - ) بۆ وشەکان دانابا. دەبوو بەمشێوەیە بنووسرابا:

1- زاخۆ: جۆرە پانتۆڵێکە.

2- زاخۆ: شارێکی کوردستانییە.

بۆ نموونەی فرەواتاییش با سەیری ئەم نمونەیەی خوارەوە بکەین:

- بەردانەوە: (ل55). بەردانی ئاوی گیراو. فڕێدانی شتێك لەبەرزییەوە.

کە هەمان هیمای (.) بۆ چەمکی فرەواتایی داناوە، کە دەبوو بەمشێوەیە بنووسرابا:

-بەردانەوە: 1- بەردانی ئاوی گیراو.

2- فڕێدانی شتێك لەبەرزییەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیێنیت کە م.خال ئاگای لەو چەمکانە هەبووە، بەڵام جیاکردنەوەیانی کەمێ بەو ڕێگەیە ئاڵۆزە.

- دژواتایی:

دژواتایی لەم فەرهەنگەدا بۆ هەندێك وشە بەشێوەی ڕاڤەکردن کراوە، واتە ڕاستەوخۆ نەنووسراوە ئەم وشەیە دژواتاکەی ئەمەیە، بۆ نموونە بۆ وشەی (درێژ) دەڵێت:

-درێژ: (ل234). شتێکە کە کورت نەبێت.

بۆ وشەی (کورت)یش دەڵێت:

-کورت: (ل453). شتێکە کە درێژ نەبێت.

ئەم وسف و باسکردنە مەرج نییە واتای دژی وشەکە بدات. لە لێکدانەوەی ئەو پێناسەیە، کە گشتگیر و ڕێگیر نییە، درێژ و کورت سەدان واتایان دەبێت.(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 186). واتە خاڵ لەم فەرهەنگەدا زۆربایەخی بە وشەی دژواتا و هەروەها هاوواتاش نەداوە.

**2-9- لە ڕووی ڕیزبوونی دەروازەکانەوە(سەرەوشەکان):**

**2-9-1- کەرەسە و دەروازەی فەرهەنگ:**

بەها و دروستەی دەروازەی فەرهەنگی هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی، لە سێ چەشنە زانیاری پێکهاتووە، کە بە زانیاریی فەرهەنگی دانراون:

(1) **زانیاری فۆنۆلۆژی.**

(2) **زانیاریی سینتاکسی.**

(3) **زانیاری سیمانتیکی، یان نیشانەی سیمانتیکی.(شیلان عومەر حسەین:2012: 108).**

هەموو ئەو زانیارییانەی بۆ هەر سەرەوشەیەکی ناو فەرهەنگ پێویستە بخرێنەڕوو، پێیان دەگوترێت دەروازەی فەرهەنگی.

مەبەست لە دەروازەکانی فەرهەنگ، ئەو وشانەن، کە بە هێڵێکی گەورە یان بچووك یان تۆخ یان کاڵ دەنووسرێت، لەناو کەوانەیەك دادەنرێت، یان بەبێ کەوانە دادەنرێت. مەبەست لە کەرەسەکانی فەرهەنگ، وشە، یان ئەو یەکە فەرهەنگییانەیە، کە فەرهەنگساز کۆیاندەکاتەوە، پاشان ڕیزیاندەکات و واتاکانیان ڕاڤەدەکات، جگە لەوەش ڕێگای گۆکردن و دارشتەی وشەکان، دیاریدەکات. لە دانانی فەرهەنگدا، دەروازەکان لە بواری فەرهەنگسازیدا، ڕەگەزێکی گرنگن لە ڕەگەزەکانی فەرهەنگ، بە بڕبڕەی پشتی هەر کارێك دادەنرێت.**(سلیمة هالة:2012: 57)**. ئەو بڕبڕەیەش مەبەست یەکە زمانییەکانە، کە هەموو یەکە زمانییەکانی تری خوارییەوە ڕیزدەکرێت و، دەبێت ڕیزبەندی پێتەکانی وشەکە لە کۆکردنەوەی وشەکاندا ڕەچاوبکرێت. (دەروازەی

sjh@univsul.edu.iq

فەرهەنگی) بەو هەموو کەرەستانە دەوترێت، کە فەرهەنگنووس بۆ کاری دانانی فەرهەنگ کۆی کردونەتەوە و بەپێی پۆلێنێکی دیاریکراو ڕیزی کردوون و پاشان ڕاڤەیان دەکات.

م.خاڵ لە هەڵبژاردن و دانانی دەروازە فەرهەنگییەکان زۆر بە شێوەیەکی زانستی دایناون و بە ڕێژەیەکی زۆر بێ کەموکووڕییە، چ لە ڕیزکردنی دەروازەی دەرەکی فەرهەنگەکە و چ لە ڕیزکردنی دەروازەکانی فەرهەنگەکە لەناوەوەدا.

بە خاڵێکی گرنگی فەرهەنگەکان دەژمێردرێت و، پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی وردی وشەکان و واتاکانیان دەبەستێت، هەروەها پشت بەو ئەرکانە دەبەستێت، کە دەروازەکانی لە پێناودا، پۆلێنکراوە. لە هەڵبژاردنی دەروازەکان، دەبێت لێکۆڵینەوەکان پسپۆری زمان، بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی دەروازەی فەرهەنگی بێت، تا دواتر لە فەرهەنگدا تۆماربکرێت.

**2-10- لە ڕووی پاشکۆدانانەوە:**

توێژەران کۆکن لەسەرئەوەی، کە هەر فەرهەنگێك چەند پاشکۆیەك لەخۆبگرێت، کە تەواوکەری کاری دانانی فەرهەنگەکە بێت و کار و ئەرکی ڕوونکردنەوەی زۆرێك لەو بابەتانەبن، کە پەیوەندییان بە جۆری فەرهەنگەکەوە هەبێت، هەروەها لەگەڵ ئامانجی فەرهەنگەکەدا یەکبگرێتەوە.**(سارة بن دخان:2015: 30)**.

پاشکۆ بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی نەك هەر فەرهەنگ، بگرە لە هەموو کارێکدا بە تایبەتی لە بواری نوسینی کتێب و نامەکانی ماستەر و دکتۆرا و گۆڤار و ....هتد، دادەنرێت. لەم فەرهەنگەدا – واتە فەرهەگی خاڵ کە لە ساڵی (2017) چاپکراوەتەوە، وەك کارێکی فەرهەنگی پاشکۆیەکی بۆ (چەند وتەیەکی کوردیی کۆن کە لە فەرهەنگێکی ماد دەرهێنراوە) تەرخانکردووە، لە لاپەڕە (663) تا کۆتایی لاپەڕە (677) لەخۆگرتووە.(شێخ محەمەدی خاڵ:2017: 663). ئەو چەند لاپەڕانە ئەو وشانەن، کە کاتی خۆی (جەلال سائیب) فەرهەنگێکی فارسی – ئینگلیزی لە هیندستان دەستکەوبوو لە دانانی (ف – ستاینگاس). ئەم فەرهەنگە وتەی سێ چوار هەزار ساڵ لەمەوپێشی (سەنسکریتی) و (ماد) و (زەند) و (پازەند)ی کۆکردۆتەوە، کە زۆر لەو وتانە لەگەڵ کوردی ئەمڕۆدا یەکن و، زۆریشیان لە ئاهەنگ و شێوەدا زۆر لە کوردییەوە نزیکن....).(فەرهەنگی خاڵ:2017: 663). خاڵیش ئەو وشانەی بێ دەستکاری لە پاشکۆی فەرهەنگەکەدا داناوە.

**2-11-لەڕووی پەند و ئیدیۆمدا:**

ئیدیۆم (دیاردەیەکی فەرهەنگییە، بە شێوەی جیاواز و جۆری بایەخدان، لە هەموو زمانەکاندا هەیە).**(سەنگەر علی مامە: 2013: 102)**. ئیدیۆمیش بەشێکە، یاخود پارچەیەکە، لە دیاردەیەکی زمانی جیهانی، شان بە شان پەند و قسەی نەستەق و وشەی لێکدراو...هتد. کەواتە ئیدیۆم ئەوەیە، کە دەربڕە و پێکهاتەیێکی تایبەتی و ئاڵۆزە، کە لە یەکگرتنی هەندێك وشە و واتایەکی تایبەتی پەیدادەبێت، کە لە مانادا لە وشە نزیك دەبێتەوە، بیرێك، هەستێك، مەبەستێکی تایبەتی پێ دەردەبڕێت و دەگێڕێتەوە، بنچینەکەشی لەسەر لێکچوواندن و هێمابووە، سیفەتی کەسێك، شتێك، دیارخراوێکی پێدیاریدەکرێت.**(جەلال مەحمود عەلی:2010: 9)**. کەواتە ئیدیۆم دەبێتە سەرەوشە و دەروازەی خۆی لەناو فەرهەنگدا دەبێت، بەڵام زۆر جار بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەوشەیەك دەبێتە نموونەی ڕوونکردنەوەی ئەو وشەیە، یان ئەو دەروازەیە. لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئیدیۆم لە ناو فەرهەنگەکاندا، بە دوو شێوە دەردەکەوێت، لە هەندێ حاڵەتدا بۆی هەیە ببێتە دەروازە لە فەرهەنگدا و بۆشی هەیە ببێتە خاڵێك بۆ ڕوونکردنەوەی واتای هەندێ لە دەروازەکان، کەواتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەکرێت بە بەشێك لە دەروازەی فەرهەنگیدا بناسرێت.

لەم فەرهەنگەدا بە دگمەن پەند و ئیدیۆم دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە تاکوتەرا چەند دانەیەکی وەك سەرەوشە هێناوەتەوە و ڕاڤەیکردوون، لەوانەش:

- **ئاسنی ساردکوتان**: بریتییە لە خەریکبوون بە کارێکەوە کە تیایداسەرنەکەوێت.(**ل5**).
- **ئاگری ژێرکا**: بریتییە لە یەکێك کە لەژێرەوە بەنهێنی ئاشووب بنێتەوە.(**ل8**).

- **ئاوڕەش هێنانەوە**: وتەیەکە دەوترێ بە یەکێك کە زۆر دەنگوباسی ناخۆشت بۆ بێنێ و نوقڵانەی خراپت بۆ لێبدا. ئاوەڕەشت هێنانەوە: واتە هیوا و ڕووناکیت نەهێشتەوە.(**ل13**).
**- بۆسۆلێ هەستان**: بریتییە لە بلاوبوونەوەی دەنگوباسێکی ناشیرین لە یەکێکەوە.(**ل46**).
- **تزرل**: بریتییە لە مەردوومی بەفیز(**ل119**). ڕاستە ئەوە وشەی لێکدراوە لەڕووی پێکهاتنەوە، بەڵام دەکرێ ئیدیۆم جۆرێکی وشەی لێکدراوبێت، کە بە واتای کەسێ دێت خۆی بەشت بزانێ و کەسی بە دڵ نەبێ.
لە کتێبی (ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا) ئاماژەی بەوە کردووە، فەرهەنگی (خاڵ) ئیدۆمی بەکارنەهێناوە و لە دەقەکانیاندا ناویان نەبردووە.(بڕوانە:عەلی حەمەد عوسمان:2021: 160)، ئەو نموونانەی سەرەوە بەڵگەن کە م.خاڵ چەند ئیدیۆمێکی هێناوەتەوە و واتاکانیانی ڕوونکردووەتەوە. بوونی ئیدیۆم لە فەرهەنگدا گرنگە لەبەرئەوەی دەبێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەوشەکان و هەندێ جاریش خۆی دەبێتە سەرەوشە.
خاڵ لەم فەرهەنگەدا هیچ پەندێکی وەك سەرچاوەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی سەرەوشەیەك نەهێناوەتەوە.

**ئەنجامەکان:**
پاش خوێندنەوە و گەڕان بەناو فەرهەنگی (خاڵ)دا، دەکرێت لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك ئەنجام وەربگیرێت:
1- لەڕاڤەکردنی زۆربەی سەرەوشەکان هونەریکی زۆربەرزی نیشانداوە و توانیویەتی زۆر بە ئاسانی و چوونە نێو بنج و بنەوانی وشەکان و پێدانی زانیاری جۆراوجۆر، واتای وشەکان زۆر بە ئاسانی ڕوونببێتەوە.
2- لەم کارەیدا توانیویەتی چەندین زاراوە، چ ئەوانەی خۆی دایناون، یان ئەوانەی گوێی لێبووە، یان بەهەر ڕێگەیەکی تربێت دابنێت. ئەو زاراوانەش لە کاتی دانانی فەرهەنگەکەیدا و تا ئێستا جێگیربووبێت و نەبووبێت و کاری پێبکرێت و نەکرێت، بە کارێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت.
3- زانیاری لە بواری دەنگسازی تێدایە، بەڵام زۆر کەمە، ئەوەشی هەیە ئاماژەی بەو هۆکارە دەنگسازییەکەی نەکردووە، کە ڕوون بێت بۆ خوێنەر.
4- زانیاری لە بارەی وشەسازییەوە بە ڕادەیەکی باش تێدایە و ئاماژەی پێیان کردووە، وەك ئاماژەی بە برێك پێشگر و پاشگر کردووە، کە دەبنە هۆی پێکهێنانی وشەی نوێ، هەروەها ئاماژەی بە نیشانەکانی (کۆ و پلەی بەراورد و باڵا نەناسیاوی و ....هتد) و ڕوونیشی کردۆتەوە و نموونەوەشی بۆ هێناونەتەوە کە ئەرکی چی دەگەیێنن. هەروەها ئاماژەی بە ئاوەڵناوی نادیار کردووە، بەڵام بەو زاراوەیەی ئێستا نا، بەڵکو لە میانەی ڕاڤەکردنەکانی باسی ئەوەی کردووە.
4- لەڕووی ڕستەسازییەوە، ئەوە جگە لەوەی ڕستەی بۆ زۆربەی سەرەوشەکان هێناوەتەوە، هەروەها ئەو زانیارییانەشی ڕوونکردۆتەوە کە پەیوەندی بە دیاریکردنی جێناو و جێناوەلکاوەکان و کارەکان لە زمانی کوردی و جۆرەکانی و نەرێکردن و ئامرازەکان و پاشبەند و ...هتد.
5- وەك زانیاری فەرهەنگی توانیویەتی زانیاری گرنگ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا بوروژێنیت و دەروازەی فەرهەنگەکەی بەپێی بنەماکانی دانانی فەرهەنگ دابنیت، هەروەها پوختەیەکی ڕێزمانی پوختی لە پێشەکی فەرهەنگەکەی داناوە و زانیاری ڕێزمانی باشی تێدایە، کە خوێنەر سوودی باشی لێدەبینیت پێش خوێندنەوەی فەرهەنگەکە.
6- سەرەوشەکانی زۆر بە زانستییانە ڕیزکردووە و ئەمەش واتای ئەوەیە ڕەچاوی بنەماکانی دانانی فەرهەنگی کردووە، هەوەها لە ڕووی دانانی وشەکان توانیویەتی واتای ڕاستەقینە و سەرەکی پێش واتای خوازەیی و لاوەکی بکات، جگە لە چەند دانەیەك نەبیت کە هەندێکجار واتای خوازەیی(لاوەکی) پێێش واتای سەرەکی کەوتوون.
7- دەبارەی وشەی هاوبێژ و فرەواتا نەیتوانیوە بەشێوەیەك کە لەگەڵ بنەماکانی فەرهەنگدا هەیە دابنێت، بەڵکو ئەو بۆ هاوبێژی و فرەواتایی بە (.) خاڵ لە نێوان واتا جیاوازەکانی وشەکە ئاماژە پێکردووە و داناوە، واتە نەیتوانیوە هاوبیژیی و فرەواتایی لەیەك جیابکاتەوە، بۆ نموونە، وشەی (بەردانەوە)ی بەمشێوەیە ئاماژە پێکردووە:
(بەردانەوە): بەردانی ئاوی گیراو. فڕێدانی شتێك لە بەرزییەوە.
دەبوو بۆ واتای جیاوازەکان ژمارەی دابنایە چ وشەی هاوبێژبێت، چ فرەواتایی:

sjh@univsul.edu.iq

بەردانەوە: 1- بەردانی ئاوی گیراو. 2- فرێدانی شتێك لە بەرزییەوە.
واتە باسی هاوبێژیی و فرەواتایی کردووە، بەڵام بۆ هەردووکیان هەمان هێمای داناوە، کە ئەویش دانانی ( . ) ە لەنێوان واتا جیاوازەکانی هاوبێژیی و فرەواتایی.

8- جگە لەوەی لە زۆربەی وشە و زاراوکان هونەری بەرزی نواندووە بۆ ڕاڤەکردنیان، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێکیان کەموکووڕی هەیە و هەندێکیانی باش ڕاڤەنەکردووە و یان بە وشەی لەقەڵەم نەداون، بۆ نموونە (تۆلەسەندن) و (ئاگرپەرست)ی بە وشە ئەژمارناکات و بە ڕستەی داناون، هەروەها ڕاڤەکردنی هەندێ لە وشەکان زۆر ڕوون نین.

9- لە زۆرێك لە وشە و زاراوەکاندا، تەنها لەسەر شێوەزارێك نەوەستاوە، بەڵکو کاری لەسەر شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی کردووە، بەتایبەتیش(موکریان و گۆران و لوڕ).

**سەرچاوەکان:**


1- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، **لەبواری فەرهەنگنووسی کوردیدا**، بەغدا، 1987.

2- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، **ڕابەری سەرچاوە لە بارەی زمانی کوردییەوە**، بەغدا، 1989.

3- تارا عبداللە سعید، **واتاسازی وشە**، زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلیژی ئاداب، هەولیر،1989.

4- تالیب حوسین عەلی، **واتاسازی**، چاپخانەی(ڕۆژهەڵات)، هەولێر، 2011.

5- جەلال مەحمود عەلی، **ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا**، بەرگی سێهەم، سلێمانی، 2010.

6- حەمە جەزا، **وەڵامی ڕەخنەکەی فەرهەنگی خاڵ**، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە (20)، ساڵی (4)، بەغدا، 1960.

7- شەهاب شێخ تەیب، **فەرهەنگسازی**، چاپخانەی (هێڤی)، هەولێر، 2021.

8- شیلان عومەر حسەین، **پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردییدا**، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012.

9- شێخ محەمەدی خاڵ، **ئاگاداری زمان**، گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژمارە(8)، ساڵی (5)، بەغدا، 1944.

10- شێخ محەمەدی خاڵ، **فەرهەنگی خاڵ(کوردی – کوردی)**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، 2017.

11- طاهیر صادق، **فەرهەنگی خاڵ**، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە(5)، ساڵی (3)، بەغدا، 1960.

12- علی حمد عوسمان، **ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا(فەرهەنگی یەك زمانی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەك نموونە)**، هەولێر، 2021.

13- محەمەد مەعروف فەتاح، **زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان**، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارەی تایبەت بە سمیناری فەرهەنگ، ژمارە(19)، هەولیر.

بەعەرەبی:

1 سارة بن دخان، **المعجم العربي بين النشاة والتطور(دراسة مقارنة للتعريف بين معجم اساس البلاغة ومعجم الوسيط)**، رسالة ماجستير, جامعة العربي بن مهيدى – ام البواقي، كلية الاداب واللغات، الجزائر، 2015.

2 سليمة هالة، **المداخل في المعاجم العربية الحديثة(المعجم العربي الاساسي للمنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم انموذجا**، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، كلية الاداب واللغات، الجزائر، 2012.

3 سەنگەر علي مامە، صناعة المعجم بين اللغتين العربية والكردية – دراسة تقابلية في المعجمات احادية اللغة، اطروحة دكتوراه, جامعة بغداد، كلية التربية- ابن رشد- بغداد، 2013.



ملخص البحث :

البحث بعنوان (جهود شيخ محمد الخال لاعداد اول معجم كوردي – كوردي) وفيها تم التطرق الى تلك الجهود وكيفية وضع القاموس من قبل الشيخ محمد الخال وكيف تعامل مع المعلومات التي يجب ان توضع للمداخل المعجمية، وانه بذل جهود جبارة لقرابة اربعين سنة لوضع قاموسه هذا، والذي سماها باسم (فەرهەنگی خاڵ/ معجم الخال)، الجزء الاول طبع سنة 1960، والثاني 1964، والثالث سنة 1976 وقد تم طبعها عدة مرات وباشكال


sjh@univsul.edu.iq

مختلفة، حيث جمع الاجزاء الثلاثة وطبع منفردا. حاول المعجمي شيخ محمد الخال ان يهدي ثمرة جهده الى امته ويقرب اللهجات من بعضهم البعض من خلال استخدامه لكلمات ومفردات جميع تلك اللهجات في معجمه، ونظرا لاهمية هذا المعجم ارتأينا ان نخصص بحثنا هذا لدراسة هذا المعجم دراسة لغوية- معجمية ونتطرق الى النقاط الايجابية والسلبية فيها، لهذا قسمنا البحث الى فصلين:

- الفصل الاول: خصص للتعريف بالمعجم والاعمال السابقة التي كتبت عن هذا المعجم.

- الفصل الثاني: خصص لدراسة المعجم من الناحية اللغوية، وفيها تطرقنا الى هذا المعجم من حيث: (المصطلحات، مهاراته لشرح المفردات، وبالمقابل قلة اهتمامه ببعضا من المصطلحات والكلمات، المعلومات الصرفية والنحوية، المداخل المعجمية وشرحها واعطاء المعلومات اللغوية لتلك المداخل، الاهتمام بالامثال والعبارات الاصطلاحية(الاديوم - idiom)...الخ.

وفي النهاية البحث توصلنا الى عدة نقاط من النتائج، وذكرنا المصادر التي تمت الاستفادة منها لكتابة البحث ومن ثم ختمنا البحث بملخص باللغتين العربية والانجليزية.

**Research Summary:**

The research is entitled (The efforts of Sheikh Muhammad al-Khal to prepare the first Kurdish-Kurdish dictionary), in which those efforts were discussed and how the dictionary was developed by Sheikh Muhammad al-Khal and how he dealt with the information that should be included in the dictionary entries, and that he made tremendous efforts for nearly forty years to compile this dictionary. He named it as (Fahrahhangi Khal / Dictionary of Al-Khal), the first part was printed in 1960, the second in 1964, and the third in 1976. It was printed several times and in different forms, as the three parts were collected and printed separately. The lexicographer Sheikh Muhammad Al-Khal tried to give the fruit of his efforts to his nation and bring the dialects closer together through his use of the words and vocabulary of all those dialects in his dictionary. Given the importance of this dictionary, we decided to devote our research to studying this dictionary in a linguistic-lexical study and to touch on the positive and negative points in it. For this reason, we divided the research into two chapters:

-The first chapter: was devoted to introducing the dictionary and previous works written about this dictionary.

- The second chapter: was devoted to studying the dictionary from a linguistic standpoint, in which we discussed this dictionary in terms of: (terminology, his skills for explaining vocabulary, and in return his lack of interest in some terms and words, morphological and grammatical information, lexical entries and explaining them and giving linguistic information to those entries, interest in proverbs and expressions Conventional (idium -idiom) ...etc.

At the end of the research, we reached several points of results, and we mentioned the sources that were used to write the research, and then we concluded the research with a summary in Arabic and English.